# ڕۆڵی دەستنووسە کوردییەکان لە سەرهەڵدانی کوردناسی لە ڕووسیای سەدەی نۆزدەیەم

# دور المخطوطات الكردية في ظهور الدراسات الكردية في روسيا في القرن التاسع عشر

## توێژینەوەیەکی وەرگیراو (مستل)ـە لە نامەی ماستەر

**سۆزان کەریم مستەفا[1]، هەردی حمەسعید عثمان[2]**

[1] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: hardi.othman@uoh.edu.iq

## پوختە

کۆمەڵێک فاکتەری گرنگی سیاسی و سەربازی و کولتووری و مێژوویی و زانستی ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی کوردناسی لە ڕووسیا هەبووە، بەڵام زیاتر لە هەر فاکتەرێک دەستنووسە کوردییەکان ڕۆڵی بنچینەیی و گرنگیان نەک تەنها لە سەرهەڵدانی کوردناسی، بەڵکو لە گەشەسەندن و کردنەوەی چەندین بواری لێکۆڵینەوە لە کورد هەبووە. کوردناسانی ڕووسیا بایەخێکی زۆریان بە کۆکردنەوەی دەستنووسی کوردی داوە، کۆمەڵێک دەستنووسی گرنگ لە لایەن کوردناسانی ڕووسیا بە هاوکاری پیاوانی ئاینی و ڕووناکبیرانی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم کۆکراونەتەوە و لە ڕووسیا پارێزراون. زانایانی ڕووسیا لە کاتێکدا دەستیان بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم دەستنووسانە کرد، نەک زانیارییەکی فراوان لەسەر کورد نەبووە، بەڵکو کورد وەک نەتەوەیەکی کێوی و دوور لە شارستانییەت وێنا کراوە، کۆکردنەوەی ئەم دەستنووسانە ڕۆڵیان لە گۆڕینی ئەم جۆرە لە ڕوانین بۆ کورد و گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی کورد هەبووە.

**کلیلە ووشە:** شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، ف.ف. ڤیلیامینۆڤ زێرینۆڤ، ف.ب.شارمواى، ئا. ژابا، مەلا مەحموودی بایەزیدی، دەستنووس.

## الملخص

عديد من العوامل السياسية والعسكرية والثقافية والتاريخية والعلمية ذات أهمية كثيرة لعبت دورا في ظهور الدراسات و البحوث عن الكرد في روسيا، لكن المخطوطات الكردية لها دور اساسي أكثر من أي عامل أخر، ليست فقط في ظهور هذا الدراسات الكردية لكن في التطور و نشوء مجالات عديدة ومختلفة في الدراسة والبحوث حول الكرد.اهتموا علماء الروسية متخصصون بالدراسة الكرد بجمع المخطوطات الكردية، وفي منتصف القرن تاسع عشر في روسيا، جمعت وحفظت عديد من المخطوطات المهمة من قبل العلماء الروس بواسطة ومساعدة رجال الدين و المثقفين الكورد. وفي الوقت الذي بدء العلماء الروس بدراسة تلك المخطوطات، لم تكن هناك معلومات كافية حول الأكراد، بل في ذلك الوقت كانت هناك النظرة حول الاكراد نظرة غير انسانية وتخيلو ان الأكراد أقوام برى او همجى وبدون حضارة. وقدا تغيرت هذه التصورات والنظرة حول الأكراد بفضل تجميع هذه المخطوطات، ولهم أيضا تاثير مهم على التطورات في الدراسات العلمية حول الاكراد.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/٥/١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/٣ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | hardi.othman@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢١ پ.ی.د. سۆزان کەریم مستەفا، هەردی حمەسعید عثمان، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract**

There are many important political, military, cultural, historical and scientific factors that have great roles in emerging the study of Kurdish in Russia, The Kurdish manuscripts have a basic role, than any other factors, not only in the appearance of this science but in development and creating new branches of the study on Kurdish.In the middle of 19th century, by helping of Kurdish clergymen and educated people, many important manuscripts have been gathered and saved in Russia. While Russian scholars begun to gather the manuscripts, they did not have information on Kurdish, rather they thought that Kurdish were a wild nation and out of civilization. This view had changed because of gathering these manuscripts, in addition to their role in developing scientific research on Kurdish.

## پێشەکی

لە دەسپێکی بیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕووسیای قەیسەری بەشێکی تایبەتی بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان کردەوە، ئەم بەشە ژمارەیەکی زۆری دەستنووسی ڕۆژهەڵاتی کۆکردەوە، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان لە جەنگی ساڵانی ( ١٨٢٦ – ١٨٢٨ز)بەسەر ئێراندا، توانیان دەستبگرن بەسەر کتێبخانەی سەفەوییەکان و لە ئەردەبێلەوە بۆ ڕووسیای بگوازنەوە. ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسانی ڕووسیا، لە کۆکردنەوە و نووسینەوە و کۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکاندا ڕۆڵی پێشینەییان هەیە، ژمارەیەکی بەرچاوی دەستنووسی کوردی لە ڕووسیا کۆکراونەتەوە و لە سانت پیتەربۆرگ لە هەریەک لە ( کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی ساڵیتکۆف – شیدرین، پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ( لە دوای گواستنەوەی پەیمانگاکە بۆ مۆسکۆ لە ١٩٥١ز) دەستنووسە کوردییەکان لە لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی پارێزراون، پاشان لە ساڵی (٢٠٠٧) ناوی ئەم لقەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی بۆ پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان گۆڕدرا) پارێزراون.

## گرنگی بابەتی توێژینەوە

کۆکردنەوەی ئەم دەستنووسانە وەک پێویستییەکی ڕووسیا بۆ ناسین و کۆڵینەوە لە نەتەوەی کورد بوو، لە قۆناغێکدا دەست بە کۆکردنەوەیان کرا، کە توێژینەوە لە کورد و لێکۆڵینەوە کوردناسیەکان لە ڕووسیا لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بووە. کۆکردنەوە و کۆڵینەوە لە ئەم دەستنووسانە کوردناسی ڕووسیایان پێشخست و چەند بوارێکی نوێیان لە کۆڵینەوە کوردناسییەکان کردەوە. لەم سەربەنەوە هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەمان پەیوەندیدارە بە ڕۆڵ و کاریگەری دەستنووسە کوردییەکان لە بنیادنانی ڕوانگەیەکی نوێ لە ڕووسیا سەبارەت بە کولتوور و مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی، سەرسامی ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسانی ڕووسیا بە بوونی کولتوورێکی ڕەسەن و ئەدەبیاتێکی نووسراوی نەتەوەی کورد ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرهەڵدانی کوردناسی و دەسپێکی لێکۆڵینەوەی گشتگیر و ڕێکخراو دەربارەی کورد هەبووە.

## پرسیاری توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک کە وەک پرسیاری توێژینەوەکە دەستنیشانمان کردووە، لە میانەی تەوەرە جیاوازەکانی توێژینەوەکە هەوڵی وەڵامدانەمان داوە، پرسە سەرەکییەکان کە زۆرتر سەرنجمان لەسەری بووە بریتین لە ( فاکتەرەکانی بایەخدان بە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان لە لایەن کوردناسانی ڕووسیا چی بوون؟ دەستنووسە کوردییەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەر دروستکردنی دیدگای نوێی کوردناسان سەبارەت بە کورد هەبووە؟ ئاستی بایەخدانی کوردناسان و پێگەی لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دەستنووسە کوردییەکان لە مێژووی گەشەسەندنی زانستی کوردناسی رووسی چی بوو ؟ دەستنووسەکان چ بوار و لایەنێکی مێژووی ژیانی نەتەوەی کوردیان لە خۆگرتووە؟ چۆن کوردناسانی ڕووسیا دەستنووسەکانیان کۆکردووەتەوە؟ یارمەتیدەر و ئاڵنگارییەکانی بەردەمیان چی بوون؟

## میتۆدی توێژینەوە

ئەو میتۆدەی لە ئەم توێژینەوەیدا پەیڕەوی لێکراوە میتۆدی توێژینەوەی ( مێژوویی)یە، سەرجەم قۆناغەکانی توێژینەوەی زانستی مێژوویی ( تێبینیکردن، گریمانە، سەلماندن) لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە، هەوڵی ئەوەش دراوە سەرجەم هەنگاوەکانی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئەو میتۆدەدا بێت.

## پێکهاتەی توێژینەوە

بۆ زیاتر شەنوکەوکردنی ڕادەی گرنگیدانی کوردناسانی ڕووسیا بە کۆکردنەوە و کۆڵینەوە لە دەستنووسە کوردییەکان و ڕۆڵی ئەم دەستنووسانە لە پێشخستن و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیای سەدەی نۆزدەیەم، ئەم توێژینەوەمان بەسەر چوار تەورەدا دابەش کردووە، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی (پۆلێنکردنی دەستنووسەکوردییەکان) بە پێی بابەتەکان دەستنووسە کوردییەکانمان پۆلێن کردووە، لە تەوەری دووەمدا بایەخی دەستنووسی شەرەفنامە لە گەشەسەندنی کوردناسی لە ڕوسیا و ڕۆڵی کوردناسان لە وەرگێڕان و چاپکردنی دەستنووسەکە خراوەتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمدا باسمان لە وێستەگە گرنگەکانی ژیانی ( ئەلیکساندەر ژابا ، مەلا مەحموودی بایەزیدی) وەک دوو ناوی دیار لە مێژووی کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان کردووە، کۆتا تەوەر تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی کۆکردنەوە و نووسینەوەی دەستنووسە کوردییەکان لە لایەن (ئەلیکساندەر ژابا ، مەلا مەحموودی بابەزیدی)، لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکانمان خستوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم : پۆلێنکردنی دەستنووسەکوردییەکان.

سەرجەم دەستنوووسە کوردییەکانی (کتێبخانی گشتی دەوڵەتی سالیتکۆف – شیدرین) لە لایەن ( ئەلیکساندەر ژابا ) لەکاتی خزمەتکردنی وەک کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزڕۆم و سمیرنا ( ئەزمیری ئێستا) لە ماوەی ساڵانی ( ١٨٣٦ – ١٨٦٩ز) کۆکراونەتەوە. (Мусаэлян.Ж.С.,1990:c65) بەشێک لەم دەستنووسانە ناوی نووسەریان لەسەر نییە، هەندێکی دیکەیان بە بێ ناونیشانن، ژمارەیەکیشیان لە کۆمەڵە بەیت و چیرۆک و داستانێک پێک دێن کە لە یەک دەستنووسدا پۆلێنکراون، بابەتەکانی نێو ئەم کۆمەڵە دەستنووسە هەندێکیان وەک دەستنووسی سەربەخۆن، لە پاش کۆکردنەوە و پاراستنیان بۆ یەکەمین جار لە لایەن کوردناسی سۆڤییەت ( م. ب. ڕۆدینکۆ ١٩٢٦ – ١٩٧٦ز ) دەربارەی هەندێک لە دەستنووسەکان زانیاری خرایە ڕوو. (Руденко.М. Б.,١٩٥٧:cc١٦٥ - ١٨٤)

چوار ساڵ دواتر کارەکەی فراوان کرد و لە دوتوێی کتێبێکدا زانیاری دەربارەی سەرجەم دەستنووسەکان، کاتی نووسین، نووسەر، وەرگێڕ، وەسف، پێکهاتەی دەستنوسەکان خستە ڕوو. (Руденко.М. Б., 1961) کە سەرجەمیان ( ٨٤) دەستنووسن، ئەو دەستنووسانەی تایبەتن بە فۆلکلۆری کوردی بریتین لە ( ١٤) دەستنووس، (Юсупова.З.А.2008:c220) هەندێکیان ناونیشان و ناوی نووسەر یان نووسەرەوەیان لەسەر نییە، ( لاوژیک، بریتە، ترجما ضرب مثلانە بزمانی کورمانجی، در المجالس، کلامی کچان، استرانید کرمانجی، گوری و خلیل بگ) لە گرنگترین ئەو دەستنووسانەن کە ناویشانیان هەیە و تایبەتن بە فۆلکلۆری کوردی و بابەتەکانی (گۆرانی قارەمانێتی، شایی و زەماوەند، ژنهێنان، گۆرانی کچان، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپ) لەخۆدەگرن، سەرجەم ئەم دەستنووسانە تایبەت نین بە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، بەڵکو هەندێکیان لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون. (Руденко.М.

(Б.,1961:cc11 - 25.

ئەو دەستنووسانەی تایبەتن بە ئەدەبیات ژمارەیان (٥٨) دەستنووسە ( ئەوەی جێگەی سەرنجە زاریٚ یوسوپۆڤا دەستنوسە ئەدەبییەکان بە (٥٦) دەستنووس دەستنیشان دەکات)( Юсупова.З.А:с220)، لە گرنگترینیان ( حیکایات شیخ صنعانیان، کتاب قصه شیخ صنعانیان، بیت فقی طیران و براڤیرا خبردایه، زنبیل فروش، مولود، کتبا مولود شریف، مم و زین، لیلی و مجنون، عشق بازی، نوبهار، یوسف و زلیخا، بیت نواله سیسەبانی بە جنویزان جنگ کریه، کلا دمدم، حکایا شری سرکایا دمدمی دگل قزلباشان گفته فقی طیران، قول هسپی رش، مجموعا غزلیاتید شعراید کرمانجان) (Руденко.М. Б.,1961:с29 - 97)، سەرچاوەی ئەم دەستنووسانە پۆلێن دەکرێن بۆ ( بەرهەم و نوسراوی شاعیر و ئەدیبانی کورد، ئەدەبیات و بەرهەمی شاعیرانی نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات). (خەزنەدار.مارف،٢٠١٠: ٩٠)

ئەو دەستنووسانەی تایبەتن بە زمان ژمارەیان (٩) دەستنووسە( ئەوەی جێگەی سەرنجە زاریٚ یوسوپۆڤا دەستنووسە زمانەوانییەکانی بە (٣) دەستنووس دەستنیشان کردووە (Юсупова.З.А:с220)، گرنگترینیان ( صرف بعضی اصول لازمه بە زمانی کورمانجییە، کتاب العباره متکلمات ملا یونس خلقتینی، تصریفی کاری کوردی، خبردانا زمانی کورمانجی، رساله تحفه الخلان فی الزمانی کردان، اڤه رسالەیکە د بعضا هنک فرق و جدائی د نیف لغاتید اکرادان هنه و بیان بعضی قواعید عمومی یە لازمنه، صحفه صبیان) (Руденко.М. Б.,1961:сс101 - 110).

ئەو دەستنووسانەی تایبەتن بە مێژوو و ئیتنۆگرافیای کورد بریتین لە ( عادات و رسوماتنامەی اکرادییە، کتاب تواریـخ قدیم کردستان ( ترجمە شرف نامە لسان فارسیە جلد اول)، جامع ﭘی رسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی) کە (٣) دەستنووسن (ÖZMEN.Abdurrahim,) 2018:p78).کۆمەڵێک دەستنووسی دیکە لە سان پیتەربۆرگ لە ( لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ساڵی (٢٠٠٧) بەدواوە) پارێزراون، زمانی نووسینی دەستنووسەکان دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەم دەستنووسانە لە کۆمەڵە دەستنووسەکەی (کتێبخانی گشتی دەوڵەتی سالیتکۆف – شیدرین)، چونکە بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی نووسراون، دەستنووسەکان لە لایەن کوردناسان ( ئا. ژابا، ف.ف.ڤیلیامینۆف زێرینۆف، ب.ئا.دۆرن، ف.ف. مینۆڕسکی) لە کاتی جیاواز پێشکەشکراون و تایبەتن بە ( ئەدەبیات، فۆلکلۆر، ئیتنۆگرافیا، مێژوو، زمان) (شریفی. شلیر ابراهیم ، ١٣٩٧:٧)

## تەوەری دووەم : بایەخی دەستنووسی شەرەفنامە لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسی و ڕۆڵی کوردناسان لە وەرگێڕان و چاپکردنی.

شەرەفنامە چوار سەدە لەمەوبەر لە لایەن ( میر شەرەفخانی بەدلیسی) نووسراوە، ئەم بەرهەمە ناوی نووسەرەکەی نەمرکردووە، کتێبێکی فرە بە بەها و بێوێنەیە، بە زانیارییە وورد و دەگمەنەکانی دەربارەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی کورد ئەزمونێکی دیاری مێژوونوسینی لە مێژووی کورددا تۆمارکردووە. ئەم شاکارە لە قۆناغێکدا زانیارییەکی فرەی دەربارەی مێژووی کورد خستووەتە ڕوو، نەک زانیارییەکی لەو شێوەیە کەم و دەگمەنە، بەڵکو هەوڵەکانی نووسینەوەی مێژووی کوردیش لە پەنجەکانی دەستێک تێپەڕ ناکات. هەر ئەم هۆکارانەش وایکردووە کە ببێتە جێگەی تێڕامان و سەرنجی کوردناسان، کەڵکەڵەی وەرگێڕان و چاپکردنی مێژوویەکی بۆخۆی تۆمارکردووە، لەم سەربەنەشەوە لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی ناسین و بایەخدان و کۆڵینەوە و وەرگێڕان و چاپکردنی شەرەفنامە لە چوارچێوەی مێژووی کوردناسی لە ڕووسیا دەکەین و ڕۆڵی لە گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان دەخەینە ڕوو.

سەرباری ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتدا ( شەرەفنامە) کەم بڵاوبووەتەوە، بەڵام لە لایەن جوگرافیناس و ببیلیۆگرافی عوسمانی (حاجی خەلیفە (کاتب چەلەبی)) لە ( فەرهەنگی هونەر و کتێبان)دا بایەخی زۆری پێدراوە، کاتب چەلەبی ئەم بەرهەمەی وەک ( تاریخی شەرەفخانی بەدلیس) ناوبردووە (V.VLIAMINOF-ZERNOF, TOME I,1860: pp11-12)، ئەو دەستنووسانەی شەرەفنامە کە بڵاوبوونەتەوە لە لایەن میر و دەرەبەگ و سەردارانی کوردەوە چەند وێنەیەکی لەبەر دەستنووسەکەی ( شەرەفخان) لێنوسراوەتەوە. سەرباری بوونی چەند دەستنووسێک


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بە زمانی فارسی، یەکەمین وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی تورکی لە ساڵی ( ١٦٦٩ز) لە لایەن ( محمد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی بەدلیسی) لە پاش ( ٦٨) ساڵ لە نووسینی شەرەفنامە ئەنجام دراوە، دووەم وەرگێڕان هەر بۆ سەر زمانی تورکی پاش (١٥) ساڵ و لە ساڵی ( ١٦٨٤ز) لە لایەن (شامعی) ناوێک کە نوسەری ( مستەفا بەگ یەکێک لە میرەکانی کورد بووە) ئەنجام دراوە. (Alsancakli. Sacha,2018:pp171 Soltani.Anwar ،1998، 196 –).

ئەورووپییەکان لەڕێگەی کتێبەکەی دێربلۆ ( کتێبخانەی ڕۆژهەڵات – فەرهەنگی یونیڤێرساڵ) کە ساڵی (١٧٧٦ز) بڵاویکردەوە، زانیارییان دەربارەی ( شەرەفنامە) وەک بەرهەمێکی تایبەت بە مێژووی کورد پەیداکرد ( فاسیلڤا، ٢٠٠٨، ٢٩٢). دێربلۆ جارێک بە (مێژووی شەرەفخانی بەدلیسی) وجارێکی دیکە بە ( مێژووی کوردان) ناوی (شەرەفنامەی) بردووە.( V.VLIAMINOF-ZERNOF, TOME I, p12). جۆن ماڵکۆڵم لە کتێبەکەیدا ( مێژووی فارس) چەند جارێک ئاماژە بە شەرەفنامە دەکات و چەند ڕووداوێکیشی لێوەردەگرێت، (MALCOLM.COLONEL SIR JOHN,1815:pp207 - 208) یەکەمین کەسیش بووە لە ئەورووپییەکان کە دەستی بە ( شەرەفنامە) بگات، (Калимуллина.Ф.Г.,2014:c134)، لەلایەن (میری موحێزی کوردیی) دەستنووسێکی ( شەرەفنامەی) بە دیاری پێیبەخشراوە. ماڵکۆڵم دەستنووسەکەی پێشکەش بە ( گ. ئۆسلی) سەرۆکی کۆمیتەی وەرگێڕانی بەریتانیا کرد، بۆ ئەوەی چاپکردنی دەستنووسەکە لە ئەستۆبگرێت، هەرچەندە ناوبراو ئەرکەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، بەڵام نەک کارەکەی نەکرد، بەڵکو چاپکردنی دەستنووسەکە بوو بە قەدەری ڕووسەکان، ( E.I. Vasilyeva,1999:p27) هەرچەندە ئەورووپییەکان (٤٠ بۆ ٥٠) ساڵ پێش ڕووسەکان زانیارییان دەربارەی (شەرەفنامە) بڵاوکردەوە ( مستەفا.ئارام عەلی،٢٠١٩: ٢٣٥ – ٢٣٦)

بۆ یەکەمین جار لە ڕووسیا لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم زانیاری دەربارەی ( شەرەفنامە) بڵاوکرایەوە، لە ساڵی(١٨٢٦ز) گەنجینەوانی مۆزەخانەی ئاسیایی (م.گ.ڤۆلکۆڤ) لە ڕۆژنامەی ( ئاسیا بەشی هەشتەم) یاداشتێکی دەربارەی مێژووی فارس بڵاوکردەوە و تیایدا باسی گرنگی شەرەفنامە و دەستنووسەکانی کرد.( Wo1коw.M,1826:pp291-198). هەر هەمان ساڵ (خ.د.فرین) بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئاسیایی وتارێکی دەربارەی (دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکانی کتێبخانەی ئەردەبیل) بڵاوکردەوە، لە ئەم وتارەیدا سەرەڕای باسکردنی (شەرەفنامە) و پەسندانی وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی کورد، ئاواتی ئەوەی خواست کە ئەم مێژووە وەربگێڕدرێت تا دەلاقەیەک لەسەر مێژووی ئاسیا بۆ ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی ڕووسیا بکاتەوە.( КУРДОЕВ.К. К.,1972:c385).

پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان بەسەر ئێراندا لە جەنگی ( ١٨٢٧ – ١٨٢٨) داگیرکردنی ئەردەبیل و دەستگرتن بەسەر کتێبخانەی سەفەوییەکان لە ئەو شارە لە لایەن (ژەنەراڵ سوختێلین)، دواتر ڕێکەوتنی ئاشتی تورکمانچای نێوان هەردوو وڵات، کۆمەڵێک دەستنووسی دەگمەن بۆ ڕووسیا گوێزرانەوە (ئارام عەلی،٢٣٦). لەناو ئەم دەستنووسانەدا دەستنووسێکی ( شەرەفنامە) هەبوو کە ڕێکەوتی ( شەوالی ١٠٠٧ی کۆچی – بەرامبەر بە ١٥٩٨ی زاینی) لەسەر تۆمارکراوە، واتە دووساڵ پاش نووسینی شەرەفنامە، ئەم دەستنووسە ( شەرەفخان) خۆی پێداچوونەوەی بۆکردووە.بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی دەستنووسەکە لیژنەیەک لە (خ.د.فرین ١٧٨٢ – ١٨٥١، ف.ب.شارموای ١٧٩٣ – ١٨٦٩، میرزا جعفر تۆپتچی باشێڤ) پێکهێنرا و سەرجەمیان کۆدەنگبوون لەسەر بەهاداری دەستنووسەکە(F.B.Charmoy,Tome I,1868:pp4-5).

پاش ئەوەی (خ.د.فرین) لە ( ١٨٢٩ز) بانگهێشتی ڕۆژهەڵاتناسانی کرد بۆ کۆڵینەوە دەربارەی کارەکەی ( شەرەفخانی بەدلیسی) و وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاست بەرز نرخاندی، دەستبەجێ (ف.ب.شارموای) کەوتە پشکنین و کۆڵینەوەی بەرهەمەکە و کەڵکەڵەی وەرگێڕانی کەوتە سەری، هەرچەندە ئەو لە دوای ساڵی ( ١٨٣٥ز) تا کۆتایی ژیانی لە فەرەنسا مایەوە، بەڵام لە کارکردنی بۆ وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی فەرەنسی بەردەوام بووە، سەرەڕای ئەوەی کە نەخۆشی بڕستی لێبڕیبوو. (Vasilyeva.E.I.,1999:p27). شارموای بێدەنگانە بەردەوام بووە لەسەر کارەکەی، هەواڵ و زانیاری دەربارەی کارەکەی جگە لە وتارێکی شوێنەوارناس و دراوناسی ڕووسیا (پ.س.ساڤێلیێف ١٨١٤ – ١٨٥٩ز) بە ناونیشانی (ژیان وکارەکانی (ف.ف.شارموای)* لە ساڵی (١٨٤٣ز) و نامەیەکی خۆی بۆ (خ.د.فرێن) لە (١٨٤٥ز) کە تیایدا ئاماژە

بە بەردەوامی و درێژخایاندنی وەرگێڕانی شەرەفنامە کراوە، زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی کارەکەی دەرنەکەوت(.فاسیلیفا. ی.ی.، ٢٠١١: ٩١).
ئیدی لەم کاتەوە ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا و زانا ڕوسییەکان بایەخێکی زۆریان بە لێکۆڵینەوەی کورد دەدا، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی دووەمی سەدەکە ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا ببوە ناوەندێکی ڕێکخەر و هەڵسوڕێنەری کۆڵینەوەی مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەی کورد( فاسیلڤا، ٢٠٠٨: ٢٩٣).

لە ڕووسیا هەوڵەکان بۆ چاپکردنی شەرەفنامە درێژەی هەبوو، بڵاوبوونەوەی وتارێکی ( ئیدوارد کۆنێک ١٨١٤ – ١٨٩٩ز) لە ( ١٨٥٢ز) جارێکی دیکە بایەخی چاپکردنی دەستنووسەکەی هێنایەوە بەرباس. کۆنیک وای دەبینی کە چاپکردنی دەستنووسەکە بەدەمەوەهاتنێکی دەست بەجێی پێداویستییە ئەکادیمییەکانە و ئاماژەی بەوە کرد کە دەشێت کوردەکان پەیوەندییەکی نزیکیان بە ئاسووری و میدییەکانەوە هەبێت، لەبەر ئەوەی مێژووی خێڵە کوردییەکان لە شەرەفنامە دیاریکراوە و خراوەتەڕوو، هەندێک کەرەستەمان بۆ لێکۆڵینەوە و گرنگیدان بە مێژووی ئاسیای بچووک و ئاسووری و میدییەکان دەداتێ. (Vasilyeva.E.I,1999:p27).

هەر لە هەمان ساڵدا لە لایەن ئەکادیمی و ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ ( ب. ئا. دۆرن ١٨٠٥ – ١٨٨١ز) گرنگی و بەهای کارەکەی (شەرەفخان) خرایە ڕوو، لە نرخاندنی شەرەفنامەدا دەڵێت:» بەنرخی ئەم کتێبە وێنا ناکرێت، لەبەر ئەوەی هێندە بە قووڵی و دوور و درێژی مێژووی گەلێک دەخاتە ڕوو کە دانەرانی تر هیچ ووردەکارییەکیان بۆ جێنەهێشتووین، بەم پێیە بۆشاییەکی گەورە لەناو نامەخانەی ئاسیا پڕدەکاتەوە، ڕێکەوتی (١٠٠٧ی کۆچی) تۆمارکراو لەسەر دەستنووکە، بەنرخی دەستنووسەکەمان بۆ زۆرتر دەکات و ڕاستییەتی دەسەلمێنێت» (ڤاسیلێڤا. یڤگێنیا،٢٠٠٨:١١٠).

لەسەر پێشنیاری (ئا.ژابا) مەلا مەحموودی بایەزیدی ساڵی (١٨٥٨ – ١٨٥٩) شەرەفنامەی لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی) وەرگێڕاوە، مەلا مەحموود لە پێشەکی وەرگێڕانەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کتێبەی شەرەفخان زۆر دەگمەنە، لە کوردستاندا تەنها دوو بۆ سێ دەستنووسی تەواوی هەیە، (Мусаэлян.Ж.С.,2004:с98).

ڕووداوی دیار لە مێژووی بایەخدان بە دەستنووسی شەرەفنامە لە ڕووسیا، چاپکردنی دەستنووسەکە لە لایەن (ڤ.ڤ.ڤیلیامینۆڤ زێرینۆڤ ١٨٣٠ -١٩٠٤) بوو، بەرگی یەکەمی تێکستە فارسییەکە لەگەڵ پێشەکییەکی (٢١) لاپەڕەیی لە ساڵی (١٨٦٠) بڵاوکرایەوە(BIDLIS .SCHEREF PRINCE DE, TOME I,1860). پاش دووساڵ بەرگی دووەمی کارەکەی لەگەڵ پێشەکییەکی (٧)لاپەڕەیی بڵاوکردەوە (BID-LIS .SCHEREF PRINCE DE, TOME II,1862)، چاپ و بڵاوکردنەوەی شەرەفنامە بەرهەمی (سێ) ساڵ کارکردنی (ڤ.ڤ.ڤیلیامینۆڤ زێرینۆڤ) بوو بە پشت بەستنی بە چوار دەستنووسی جیاوازی شەرەفنامە کارەکەی ئەنجام دا(ی.ی.فاسیلیفا،٢٠١١، ٩٣). بەم کارەی سەرەڕای بەدەستهێنانی ناوبانگێکی بەرز ناوبراو پلەی بەرزکرایەوە بۆ ئەندامی کارای ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا .( Калимуллина.Ф. Г.,2014:с136).

بۆ چاپکردنی شەرەفنامە، (ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) پشتی بە تەنها یەک دەستنووس نەبەستووە، بەڵکو وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات توانیویەتی سوود لە چەند دەستنووسێک وەربگرێت، لە ئەم بارەیەوە دەڵێت:»لە بڵاوکردنەوەی چاپە فارسییەک سوودم لە ئەم دەستنووسانە وەرگرتووە:

١.دەستنووسی (کتێبخانی گشتی دەوڵەتی ساڵتیکۆڤ – شیدرین) کە ڕێکەوتی ساڵی (١٠٠٧ی کۆچی لەسەرە.

٢.دەستنووسی ڕۆژهەڵاتناس (ن.ڤ.خانیکۆڤ) کە ساڵی (١٨٥٤ز) کونسوڵی ڕوسیا بووە لە ئێران، نوسخەیەکی شەرەفنامەی لە (دیلمەکان – نزیک سەلماس) کڕیووە، دوو دەستنووسی دیکەی شەرەفنامەی لە کتێبخانەی تایبەتی (یەحیا خان فەرمانڕەوای ئازەربایجان) وەرگرتووە، خانیکۆڤ بەراوردی هەرسێ دەستنووسەکەی کردووە و ئەوەی خۆی لەبەر دوو دەستنووسەکەی تر چاککردووە(V.VLIAMINOF-ZER-NOF, TOME I,1860:p16-17) دەستنووسەکەی خانیکۆڤ ڕێکەوتی ( ١٢٥٢ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٣٧)ی زاینی) لەسەر تۆمارکراوە کەسێک بە ناوی ( مەحموود ڕەزای کوری سابیر کەربەلایی) بە فەرمانی ڕەوشەن ئەفەندی فەرمانڕەوای دیلمەکان لەبەر ئەو دەستنووسەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شەرەفنامە نوسیویەتییەوە کە ڕێکەوتی ساڵی (١٠٠٧)ی کۆچی لەسەرە، (Калимуллина.Ф. Г,2014:135).

٣.دەستنووسی ژمارە (٧٥٦)ی مۆزەخانەی ئاسیایی لە پیترۆگراد(سان پیتەربۆرگ)، ئەم دەستنووسە (٦٠٥ ) پەڕەیە و خەتەکەی ناخۆشە بەڵام بە باشی دەخوێنرێتەوە، نە ڕێکەوتی نووسینەوەی نە ناوی نووسەری دەستنووسەکەی لەسەر تۆمار نەکراوە بە دیاری بە مسیۆ ڕۆسۆ بەخشراوە.

٤.دەستنووسی ژمارە(٥٧٦)ی مۆزەخانەی ئاسیایی کە لە لایەن (بارۆن بۆد) لە ئێرانەوە هێنراوە و تەنها (١٠٠) لاپەڕەیە و بە ( کە ایوان کیوان با وجود علومکان) دەستپێدەکات و بە (سبحان بەگ و سلّتان احمد بەگ) کۆتایی دێت، هیچ ڕێکەوتێک لەسەر دەستنووسەکە تۆمار نەکراوە و بەندێکی نوێ تایبەت بە مێژووی ئەردەڵان بۆ دەستنووسەکە زیاد کراوە.( V.VLIAMINOF-ZERNOF, TOME I,1860:pp18-19)

بەڕای (ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) لەم چوار دەستنووسە، تەنها دوو دەستنووسیان تەواون، ئەوانیش ( دەستنووسەکەی خانیکۆڤ، دەستنووسی ژمارە ٥٧٦). بەڵام ئەمانیش بە پێی پێشەکییەکەی شەرەفنامەبێت، هەردووکیان یەکی چوار بەندیان سەبارەت بە ( زەرزا، ئەستونی،داسنی، تەرزا) کەمە. وەک(ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) گریمانەی ئەوە دەکات، زۆرتر بیروبۆچون لەسەر ئەوەیە کە «دانەری شەرەفنامە خۆی باسی ئەو بەندانەی نەکردبێت ،ئیتر یان هیچی لەبارەوە نەزانیون، یان کات ڕێگەی نەداوە تەواویان بکات و ناوەکانی نوسیوون بۆ ئەوەی لە هەلێکی تردا بگەڕێتەوە سەریان»..( V.VLIAMINOF-ZERNOF, TOME I,1860:pp19-21)

لە دوای چاپکردنی کارەکەی (ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی ( شارل دێفرێمەری ١٨٢٢-١٨٨٣ز) وتارێکی لە (١٨٦٠ز) وەک هەڵسەنگاندنی کارەکە بڵاوکردەوە. وێڕای سەرسامبوونی بە کارەکە و نرخاندنی هەوڵەکانی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا بۆ چاپکردنی شەرەفنامە، سەبارەت بە کاری چاپکردنی تێکستەکە لە هەڵسەنگاندنەکەیدا سەرنجی زۆرتری لەسەر هەڵبژاردنی دەستنووسەکە بووە، کە بە باوەڕی ئەو هەڵبژاردنی دەستنووسەکە گرنگی کارەکەی زۆرتر کردووە و بایەخی زۆرتری لەوەدایە کە دووساڵ پاش تەواوکردنی شەرەفنامە نووسراوەتەوە.

پاش بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی شەرەفنامە، (ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) کاری لەسەر وەرگێڕانی تێکستەی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی فەرەنسی دەکرد، دوای ساڵێک بەشێکی گەورەی کارەکەی تەواو کرد. هەروەها بەشی مێژوو و فیلۆلۆژی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ( ١٨٦١/٥/٣ز) و لە کۆنووسی کۆبوونەوەکەش ئەوەیان ئاشکرا کرد کە کاری وەرگێڕانی تێکستی(شەرەفنامە) بۆ سەر زمانی فەرەنسی بەم نزیکانە تەواو دەبێت. نامەیەکیشیان بۆ (ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) نارد کە تیایدا هەندێک زانیارییان لە نامەیەکی (ف.ب.شارمواى) بۆ ناردبوو، ( ف.ب. شارمواى) لە ئەو نامەیەدا ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە :» چاپکردنی شەرەفنامە بۆ ئەو کارێکی چاوەڕواننەکراو بووە» ئەو ئامانجی ئەوەبووە کە شانازی بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانەکەی شەرەفنامە بە ئەو ببەخشرێت، ئەوەشی تایبەتە بە کاری بڵاوکردنەوەی تێکستە فارسییەکەی (شەرەفنامە) (ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) ئاماژەی بەوە کردبوو کە پاش دڵنیابوونی لەوەی کە (ف.ب.شارمواى) وازی لە وەرگێڕانی (شەرەفنامە) هێناوە، ئینجا ئەو تێکستەکەی بڵاوکردوەتەوە. (Vasilyeva.E.I.,1999:p28).

بەڵام ئەوەی کە جێگەی گومان نییە (ف.ب. شارمواى) لە دوای بڵاوکردنەوەی تێکستە فارسییەکەی ( شەرەفنامە) لە وەرگێڕانەکەی بۆ سەر زمانی فەرەنسی دەستوبردی کردووە، تەنانەت لە وەرگێڕانەکەدا سوودی لە چاپەکەی (ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) و دەستنووسەکەی خانیکۆڤ و دەستنووسی ژمارە(٥٧٦)ی مۆزەخانەی ئاسیایی وەرگرتووە و تێکستە فارسییەکە ڕەنگدانەوەی بەسەر سەرجەم وەرگێڕانەکەوە هەیە.( F. B. Charmoy, Tome I,1868:p6)

پاش ئەوەی (ف.ب.شارمواى) کاری وەرگێڕانەکەی تەواوکرد و دەیویست بڵاویبکاتەوە، ئەمەش نیگەرانی بۆ (ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ) دروستکردووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:» من نامەوێت بە فیڕۆچوونی کارکردنی چەندین ساڵی (ف.ب.شارمواى) ببینم، ئامادەم وەرگێڕانەکەی خۆم بکەمە قوربانی، من هەرگیز خواستی ئەوەم نەبووە کە تەگەرە بخەمە بەردەم پرۆژەکەی ئەو، ئەگەر ئەکادیمیای زانستەکان پێشنیاری ئەو پەسەند دەکات و وەرگێڕانەکەی ئەو لە بری ئەوەی من چاپ دەکات، من وایدادەنێم کە ئەرکەکەم بە جێگەیەندراوە». (-Vasilye

.(va.E.I,1999:p28

(ف.ف. ڤێلیامینۆف زێرینۆف) یارمەتیدەرێکی باشی چاپکردنی کارەکەی (ف.ب.شارموای)بوو، پاش ئاڵوگۆڕی چەند نامەیەک و پێشنیارێک، دەستنووسە وەرگێردراوەکە لە ڕیگەی باڵیۆزخانەی رووسیا لە فەرەنسا و فەرمانگەی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا لە (١٨٦٤ز) ڕادەستی ئەکادیمیای زانستەکان کرا. لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی لە هەریەک لە (ب.ئا.دۆرن، م.ئی.برۆسسێ، ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆف زێرینۆف) پێکهێنرا، پاش هەڵسەنگاندنی کارەکە، دەستنووسەکە دوای چوار ساڵ نێردرا بۆ چاپخانە. (Vasilyeva.E.I,1999:p28). چەند مانگێک دوای کۆچی دوایی( ف.ب.شارموای) بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی شەرەفنامە لە ( 1868ز) چاپکرا. (Chèref-ou›ddine. Sharaf Prince de Bidlîs, Tome I,1868)

چاپکردنی بەشی دووەمی هەمان بەرگ گرفتی بۆ دروست بوو، ئەکادیمیای زانستەکان لیژنەی هەڵسەنگێنەری دەستنووسەکەی ڕاسپارد بۆ چارەسەرکردنی، لیژنەکە لە (١٤ی ئۆکتۆبەری ١٨٦٩) پێشنیاریان کرد کە ئەمینداری کتێبخانەی زانکۆی کازان پرۆفیسۆر (جۆزیف گۆتفاڵد) سەرپەرشتی چاپکردنی بەشەکانی تری کارەکەی (ف.ب.شارموای) بکات و پێشنیاری لیژنەکە لە لایەن ئەکادیمیاکە پەسەند کرا. (جۆزیف گۆتفالد) لە ماوەی (٦) شەش ساڵدا توانی کاری ڕاستکردنەوە و هەڵەچنی و ئامادەکاری بۆ چاپکردنی بەرهەمەکە تەواو بکات(ی.ی.فاسیلیفا، ٢٠١١، ٩٨). بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی وەرگێڕانەکە لە (١٨٧٠ز) چاپکرا (Chèref-ou›ddine. Sharaf Prince de Bidlîs, Tome I, seconde partie , 1870) و بەشی یەکەم لە بەرگی دووەم لە ( ١٨٧٣ز) بڵاوکرایەوە.(Chèref-ou›ddine. Sharaf Prince de Bidlîs, Tome II, première partie., 1873.) بەشی دووی بەرگی دووەم لە (١٨٧٥ز) بڵاوکرایەوە(Chèref-ou›ddine. Sharaf Prince de Bidlîs, Tome II, seconde partie, 1875).

شەرەفنامە لە مێژووی گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە رووسیای تزاری و یەکێتی سۆڤیەت * ڕۆڵێکی بنچینەیی و دیاری هەیە. لە ڕێگەی ئەم نووسراوە بەنرخەی مێژووی کوردەوە کوردناسانی ڕووسیا پەییان بەوە برد کە کوردەکان بەدەرن لە ئەو تۆمەتانەی کە ئەورووپییەکان رۆڵیان هەبووە لە بڵاوبونەوەی و وا وێنای کورد کرابوو نەتەوەیەکن ئەدەبیاتی نووسراویان نییە، کولتوورێکی ئاست نزمیان هەیەو رۆشنبیریان لە ئاستی نەتەوەکانی دراوسێییان نییە و دواکەوتوون. دەرکەوتنی شەرەفنامە لە ناو رۆژهەڵاتناسی رووسیا دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە و بناغەدانانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کورد، بایەخی شەرەفنامە هەر لەسەردەمی رووسیای تزاری سەدەی نۆزدەیەم تەواو نەبووە، لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتیش کوردناسانی سۆڤییەت بایەخیان بە شەرەفنامە داوە و لە هەوڵی وەرگێڕانیدا بوون بۆ سەر زمانی ڕووسی. لە سییەکانی سەدەی بیستەم ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆی ( ف. ب. رۆستۆپچین) لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی، بەڵام مەرگ بواری نەدا کارەکە بە ئەنجام بگەیەنێت (Калимуллина.Ф. Г,2014:c138). پێویستی وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی ڕووسی، جارێکی تر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم هاتەوە بەرباس، لە لایەن ڕێبەرانی بەشی (کوردناسی) لە لینینگراد ( یو.ئا. ئۆربیلی ١٨٧٧ – ١٩٦١، ق. ک. کوردۆیف ١٩٠٩ – ١٩٨٥) دەستپێشخەری ئەم کارەبوون و پشتیوانی (ی. ئی.ڤاسیلێڤا) بوون لە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ڕووسی، سەرئەنجام لە (١٩٦٧ز) بەرگی یەکەمی وەرگێڕانە روسیەکەی شەرەفنامە بڵاوکرایەوە(Бидлиси . Шараф-хан ибн Шамсаддин. T. I., 1967 ) و بەرگی دووەم لە (١٩٧٦ز) بڵاوکرایەوە .(Бидлиси . Шараф-хан ибн Шамсаддин. T. II, 1976 )، کارێکی دیکەی کوردناسانی سۆڤیەت سەبارەت بە شەرەفنامە چاپکردنی وەرگێڕانە کوردییەکەی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) بوو لە لایەن ( ق.ک.کوردۆیف، ژ.س.موسائیلیان) بە ناونیشانی (تەواریخی قەدیمی کوردستان) لە ساڵی ( ١٩٨٦) پاش نووسینی پەراوێز و ڕوونکردنەوە و پێشەکییەک بڵاویان کردەوە(КУРДОЕВА.К.К. И Мусаэлян.Ж.С.,1986)

## تەوەری سێیەم : وێستگەکانی ژیانی هەر یەک لە ( ئەلیکساندەر ژابا ، مەلا مەحموودی بایەزیدی)

ئەلیکساندەر ژابا یەکێک لە ناوە دیارەکانی نێو رۆژهەڵاتناسی و کوردناسی ڕووسیایە، تا ئێستاش کارەکانی سەنگ و بایەخی خۆیان لەدەست


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نەداوە. ئا. ژابا لە ( ١٥ی ئابی ١٨٠١ز) لە ڤیلنۆ لەدایک بووە، لە ئایاری (١٨٢٤ز) بە سەرکەوتوویی زانکۆی ( ڤیلنۆ) تەواو دەکات. (م.ب.ڕۆدینکۆ، ٢٠٢٠، ٣٥) پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ بە پلەی یاریدەدەی وەرگێڕ لە وەزارەتی دەرەوە لە پیترۆگراد دەست بەکاردەبێت، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە کاری تێدا دەکرد خواستەکانی (ئا.ژابا)ی بەدینەدەهێنا، هەربۆیە لە ( نیسانی ١٨٢٥ز) داوادەکات لەسەر ئەوکارە لایبەرن و لەگەڵ پێنج خوێندکاری دیکە لە بەشی زمانە رۆژهەڵاتییەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوە وەردەگیرێن. ئەم بەشە ئامانجی پێگەیاندنی کادیرانی دبلۆماسی بوو بۆ کارکردنیان لە وڵاتانی رۆژهەڵات، لێرەوە هەست بە بەهرەی نائاسایی (ئا.ژابا) لە زمانە رۆژهەڵاتییەکان کرا، لە (١٨٢٨ز) بە پلەی وەرگێڕ لە دەستەی دەوڵەتی سەر بە وەزارەتەکە دادەمەزرێت، لە (١٨٣٠ز) دەبێتە وەرگێڕ لای یاریدەدەری کونسوڵ لە (یافا)، دوو ساڵ دواتر دەکرێتە وەرگێڕی کونسوڵ لە ( سالۆنیک)، لە ئۆکتۆبەری (١٨٣٥ز) دەگوێزرێتەوە بۆ سمیرنا ( ئەزمیر)، پاش سێ ساڵ نازناوی وەرگێڕی یەکەمی پێدەدرێت. بارودۆخی ناوچەکانی رۆژهەڵات لە ئەو سەردەمەدا بوونی کاربەدەستێکی رووسیایان لە سمیرنا کردبووە کارێکی پێویست، لە ( ١٨٤٨ز) بەدواوە وەک کونسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم کاری کردووە. (Мусаэлян.Ж.С.,1991:c83)

بەهۆی رووودانی جەنگی (قرم) لە ساڵی (١٨٥٣ز) کونسوڵخانەی رووسیا دادەخرێت و لە ساڵی (١٨٥٦ز) دەکرێتەوە و (ئا.ژابا) وەک کونسوڵ دەگەڕێتەوە بۆ شارەکە (فەرهاد پیربال،٢٠٠٩ ، ٣٧) ئەو ساڵانی (١٨٥٣ – ١٨٥٦ز) بەشداری جەنگەکەی کردووە و بە فەرمانی وەزارەتی دەرەوە دەستنیشانکراوە بۆ کارکردن لەگەڵ ژەنەراڵ ( لیوتینانت بیبوتوف). (Мусаэлян.Ж.С.,1991:c83)

دەربارەی ژیانی مەلا مەحموود (١٧٩٩ – ١٨٦٧ز) زانیاری کەمە، ئەوەی هەیە لەسەر بنەمای نامەکانی (ئا.ژابا)ن (Leezenberg Michiel,2020:p443.)، بە پێی زانیارییە تۆمارکراوەکانی (ئا.ژابا) مەلا مەحموودی بایەزیدی لە (١٧٩٩ز) لە بایەزید لە دایک بووە، لە منداڵییەوە لە شارەکەی خۆی دەستیکردووە بە خوێندن، پاشان لە تەبریز فێری زمانی فارسی بووە و لە خوێندن بەردەوام بووە، خوێندنی ئاینی و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئەدەبیات و مێژوو و لاهووت و فەلسەفەی خوێندووە. پاش ئەوەی خوێندنی تەواوکرد گەڕایەوە بۆ بایەزید و وەک سەرپەرشتیاری خوێندنگەیەکی ئاینی لە شارەکە دەستبەکاربووە و ناوبانگی لە نێو خەڵکیدا بڵاوبووەتەوە، پاش ئەوەی بەهلول پاشای دواین میری کوردانی بایەزید لە دەسەڵات دەخرێت، مەلا مەحموود بایەزید جێدەهێڵێت و دەچێتە ئەرزرۆم و لە ئەو شارە نیشتەجێ دەبێت.(КУРДОЕВА.К.К. И Мусаэлян.Ж.С.,1986:cc8-9 ؛ Васильева.Е.И,1989:c33)

سەرەڕای کارکردنی وەک مامۆستا و بوونی پێگەیەکی بەرچاو لە ناو خەڵکیدا، مەلا مەحموود لەسەر ئاستی دەسەڵاتیش خاوەن پێگەیەکی ڕێزلێگیراو بووە. لەکاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی(بەدرخان پاشا میری بۆتان) مەلا مەحموود وەک نوێنەر بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەستنیشان کراوە،( Мусаэлян.Ж.С.,٢٠٠٤:c٩٩) لە لایەن (موشیر حافز پاشا) لە ساڵی (١٨٤٦ز) ئەرکی گفتوگۆکردن لەگەڵ (بەدرخان پاشا) بە مەلا مەحموود سپێردرا. ساڵێک پاشتر لە لایەن (کامل پاشا)ی والی ئەرزرۆم بەمەبەستی کۆتاییهێنان بە ڕاپەڕینەکەی (نورەڵا بەگ) مەلا مەحموود بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ (نورەڵابەگ) هەکاری) ڕاسپێردرا .( (КУРДОЕВА.К.К И Ж.С. Ж.С.Мусаэлян,1986:c9 ؛Васильева.Е.И,1989:c33

بەپێی زانیارییەکانی (ئا.ژابا) ڕێنمایی ئەوە بە (مەلا مەحموود) درابوو کە پەیوەندی و دۆستایەکی لەگەڵ (خان مەحموود) بنیاد بنێت، چونکە یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی (بەردخان پاشا) و سەرداری ئەرزەرۆمی کردبوو. هەروەها زانیاری ئەوەش هەیە کە پەیوەندییەکی نهێنی لە نێوان (مەلا مەحموود و ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە) هەبووە( Мусаэлян.Ж.С.,2004:c99). مەلا مەحموود لە هەوڵەکانیدا لە بواری پەیوەندی دبلۆماسی و ئەرکە ڕاسپێردراوەکانی بۆ گفتوگۆکردن، ئامانجی ئەوەی هەبووە کە ئاکامی کارەکانی تەنها لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی نەبێت و بەرژەوەندی کورد و ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەی بە هەند وەرگرتووە.( Там же:c99 ).

بەڵگەی کارایی ڕۆڵی (مەلا مەحموود) لە گفتوگۆکردن لەگەڵ (بەدرخان پاشا) لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە(١٣)ی ساڵی (١٨٩٨) ئاماژە بە ناردنی مەلا مەحموود بۆ لای بەدرخان پاشا کراوە و نووسراوە :» سوڵتان لە ئەستەنبوڵەوە مەلا ئەفەندی بۆ جەزیرە ناردووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەردخان بەگ و کۆتاییهێنان بە ڕاپەڕینەکە«(کوردستان،١٣، ٣) کاتێک (مەلا مەحموود) دەگاتە جەزیرە ئەوە بە

(عوسمان پاشا)ی کۆمانداری لەشکری عوسمانی ڕادەگەیەنێت کە ئەو دەچێتە لای (بەدرخان پاشا) بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکات و کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بهێنێت، تا ئەو بە وەڵامی (بەدرخان پاشا)ەوە نەگەڕێتەوە هێرش نەکات و فەرمانی (ڕەشید پاشای سەدری ئەعزەم)ی نیشانی کۆماندارەکە دا. بەڵام (عوسمان پاشا) دەیویست سەکەوتن بەسەر (بەدرخان پاشا) بەدەستبهێنێت کە دەبووە دەستکەوتێکی مەزن بۆ ئەو(Мусаэлян.Ж.С.,2004:с99)، لە سەرەتادا ڕێگەی بە (مەلا مەحموود) نەدا بچێتە لای (بەدرخان پاشا) و گفتوگۆی لەگەڵ بکات، بە بێ ئەوەی چاوەڕێی گفتوگۆکە و هەڵویستی (بەدرخان پاشا)بکات هێرشەکەی دەستپێکرد(КУРДОЕВА.К.К. И Мусаэлян.Ж.С.,1986:с9). بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توندی ڕاپەڕینەکە بوویەوە، بڕیاری دا بە نهێنی(مەلا مەحموود) بنێرێتە لای (بەدرخان پاشا)، وەڵامی (بەدرخان پاشا) ڕەتکردنەوەی پەیوەندی بەستن و ئیدانەکردنی هێرشەکەی سەر جەزیرە بوو، عوسمان پاشا وەک پەرچەکردارێک بڕیاری دەستگیرکردنی (مەلا مەحموود)ی دەرکرد و لەگەڵ چەند پاسەوانێک بۆ ئەستەمبوڵی نارد و لە نامەیەکیشدا بۆ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی عوسمانی نوسیبوو :» ئەم پیاوە هاوپەیمانی بەدرخان بەگە و خیانەتکارە بەرامبەر بە دەوڵەت» سەرئەنجام (مەلا مەحموود) بۆ (وان) دوورخرایەوە. (Мусаэлян.Ж.С.,2004:с99).

بە پێی زانیارییەکانی (ئا.ژابا) لەوکاتەی (مەلا مەحموود) لەوان بووە، ڕاپەڕینی (خان مەحموود) لە خەواج سەری هەڵداوە کە دە کاتژمێرێک لە (وان)ەوە دوور بووە، هەرچەندە عوسمانییەکان شوێنی مانەوەی (مەلا مەحموود)یان لە (وان) دابینکردبوو، بەڵام گومانیان لە بەشداریکردنی لە ڕاپەڕینەکەی (خان مەحموود) لێکردووە و دەستگیری دەکەن و پاش ماوەیەک بە بێ سزا ئازاد دەکرێت، بەڵام متمانەی کاربەدەستانی لەدەستدا و سەرەتای ڕۆژانێکی دژوار بۆ (مەلا مەحموود) دەرکەوت. (КУРДОЕВА.К.К И Мусаэлян.Ж.С.,1986:с 9).

بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی قرم ( ١٨٥٣ – ١٨٥٦ز) مەلا مەحموود برایەکی لەدەستدا، کە زۆر پشتیوان و پشتگیری بووە و شکستی عوسمانییەکان کاروباری بازرگانی کورەکانیشی دووچاری نەهامەتی کرد، سەختی ژیان وا لە مەلا مەحموود دەکات بڕیاری گەرانەوە بدات بۆ ئەرزڕۆم. (Мусаэлян.Ж.С.,2004:с100). لە (1856ز) دەگەڕێتەوە بۆ ئەرزڕۆم و (ئا.ژابا) دەناسێت و دۆستایەتییان دروست دەبێت، (ÖZMEN.Abdurrahim,2018:p76؛ Leezenberg.Michiel,2020:pp 450 - 471)

لەم کاتەدا لەسەر داوای (ب.ئا.دۆرن) لە لایەن بەشی مێژوو و فیلۆلۆژی ئەکادیمیای زانستەکان داوا لە (ئا.ژابا) کرا تا هەژموون و دەسەڵاتی خۆی وەک کونسوڵ بەکار بهێنێت بۆکۆکردنەوەی کەرەستەی شێوەزاری کرمانجی و تێکست و دەستنووسی کوردی بە ئامانجی ناسینی زمان و ئەدەبیاتی کورد و خێڵە کوردییەکان، داوای ئەوەشیان لێکرد کە چەند لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی کوردی بنووسێت. کوردناسی لە ئەوکاتەدا لە قۆناغی سەرهەڵداندا بوو ئەو سەرچاوانەی بەردەست بوون مۆرکێکی وەسفکارانەیان گرتبووەخۆ.( ژابا. ئۆگۆست ،٢٠٠١: ٨ ؛ مستەفا.ئارام عەلی،٢٠١٩:٢٤٣)

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە لە سەرەتای ساڵی (١٨٥٦ز) و ساڵانی دواتر (ئا.ژابا) کۆمەڵێک مەلا و فەقێ و میرزای لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، مەلا مەحموودی بایەزیدی لە دیارترینی ئەوکەسانە بووە کە هاوکاری کردووە و لە (١٨٥٦ز) بەدواوە دەبێتە هاوکار و یارمەتیدەری (ئا.ژابا) لە کۆکردنەوەی دەستنووس و کەرەستەی کۆلینەوە لەسەر کورد و نووسەر و و دانەری چەندین کاری دیکە( Мусаэлян.Ж.С.,1990:с64).

هەرچەندە (ئا.ژابا) شارەزاییەکی باشی لە چەندین زمان هەبووە و زمانەکانی (پۆڵۆنی، ڕووسی، تورکی، فەرەنسی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی)ی زانیوە (فەرهاد پیرباڵ،٢٠٠٩،٣٧)، بە مەبەستی زیاتر شارەزابوونی لە کولتوور و مێژوو و ئەدەبیاتی کورد لە لایەن (ب.ئا.دۆرن) داوای ئەوەی لێدەکرێت کە هەوڵی فێربوونی زمانی کوردی بدات(Мусаэлян.Ж.С.,2004:с98-99) لە فێربوونی زمانی کوردیدا، مەلا مەحموودی بایەزیدی یارمەتییەکی زۆری دەدات.(م.ب. ڕۆدینکۆ،٣٥) و وەک مامۆستای فێربوونی زمانی کوردی (ئا.ژابا) بووە.(Васильева.Е.И.,1989:с33)

تەنانەت لە دەسپێکی دەستنووسی ( رساله تحفه الخلان فی زمانێ کردان) مەلا مەحموود ئاماژە بە دۆستایەتی نێوانیان و خواستی (ئا.ژابا) بۆفێربوونی زمانی کوردی دەکات و دەڵێت:» مە دگەل کونسولی دەولەتا فەخیما روسییە کو ساکینە ل ئەرزەرۆمێ میر ژابا، ژ مێژ دۆستی و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ناسی هەبوو و ئەوی ژی قەوی زێدە مەیلا زانینا زمانێ کورمانجان دکر..»( بایەزیدی. مەلا مەحموود،١٨٥٦، ٣)سەبارەت بە زانینی زمانی کوردی لە نامەیەکیدا لە ( ١٥ی مارتی ١٨٥٧ز) بۆ (ب.ئا.دۆرن) دەنوسێت:» من بەڕادەیەک زمانی کوردییم خوێندووە و فێری بووم، کە بتوانم خۆم خەریکی وەرگێڕان و کارکردن بکەم»( پیربال. فەرهاد، ٢٠٠٩: ٣٧).

مەلا مەحموود لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان( کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی عوسمانی) بەڕادەیەک شارەزا و بەتوانا بووە لە نێو نووسەرو خوێندەوارانی ئەرزڕۆمدا ڕوو لە ئەو دەکرا بۆ نووسین بە زمانی فارسی و وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ زمانەکانی تر و یەکەمینی ئەوکەسانە بووە کە بەرهەمە فارسییەکانی بۆ سەر زمانی کوردی و تورکی وەرگێڕاوە. لە ڕەوانبێژی و ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و عەرەبیدا شارەزاییەکی باشی هەبووە، ئەو لە سەردەمێکدا بە زمانی کوردی دەستی کردووە بە نووسین کە نووسەران و خوێندەوارانی کورد بە زمانەکانی دیکە دەیاننووسی(پیربال. فەرهاد ، ٢٠٠٠: ٣)

مانەوەی چەندین ساڵی (ئا.ژابا) لە کوردستان دەرفەتی ئەوەی پێدا کە لێکۆڵینەوەی وورد و درشت لەسەر زمان و کولتورر و ئەدەبیاتی کوردی ئەنجام بدات، زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ توێژینەوەی کەرەستەی زمان و ئەدەبیات و کولتووری کورد تەرخانکرد و تا کۆتایی ژیانی لەسەر ئەم کارانەی بەردەوام بووە. لەگەڵ ناوی (ئا.ژابا) هەمیشە ناوی ( مەلا مەحموودی بایەزیدی) دەبرێت، ناوی ئەم دوو کەسایەتییە لە مێژووی کوردناسیدا پێکەوە گرێدراون.( Мусаэлян.Ж.С.,2004:сс98-99)

**تەوەری چوارەم :** کۆکردنەوە و نووسینەوەی دەستنووسە کوردییەکان لە لایەن (ئەلیکساندەر ژابا ، مەلا مەحموودی بابەزیدی)

بەهاوکاری کۆمەڵێک مەلا و خوێندەواری کورد (ئا.ژابا) لە ئەرزڕۆم دەستیکرد بە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان و لێکۆڵینەوە لەسەر کەرەستەکانی زمانی کوردی، مەلا مەحموودی بایەزیدی چالاکترینی ئەو هاوکارانەی بووە کە ژمارەیەک دەستنووسی کوردی بۆ پەیدا کرد و نووسەر و وەرگێڕ و دانەری چەندین بەرهەمی دیکە بووە(ÖZMEN.Abdurrahim,2018:p77).

لە نێو هەمووکارەکانی (مەلا مەحموود، ئا.ژابا)دا کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکە، بە بایەخترینی کارەکانیانە، هەرچەندە بە ژمارەش زۆرنین و (٥٤) دەستنووسن، تایبەتن بە بەرهەمی شاعیرانی کورد، فۆلکلۆری کوردی، ڕێزمان ، مێژوو و ئیتنۆگرافیای کورد. بەڵام بەشی زۆری ئەم دەستنووسانە تایبەتن بە بەرهەمی شاعیرانی کورد کە بە دیالێکتی کرمانجی بەرهەمەکانیان نووسیوە و نزیکەی بەرهەمی هەموو شاعیرە ناودارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست وەک ( عەلی حەریری، فەقێ تەیران، مەلا جەزیری، مەلای باتێ، ئەحمەدی خانی) دەگرێتە خۆ، ئەوەی گرنگە لە ئەم کۆمەڵە دەستنووسە کە بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیری کوردی تێدایە وەک ( سەلیمی سەلیمی، حارسی بەدلیسی، دوورفشان، ڕەمەزان، مەلا مەقسوودی عاسمی) تا سەردەمێک لە لای توێژەران نەناسرابوون (ڕۆدینکۆ. م.ب، ٢٠٢٠: ٣٨).

ئەم کۆمەڵە دەستنووسە ببووە سەرچاوەی زانیاری دەربارەی داستانە کوردییەکانی ( لەیل و مەجنوون، یوسف و زولەیخا، زەمبیل فرۆش)، هەروەها دوو کەشکۆڵی شیعری لە کۆمەڵە دەستنووسەکە هەیە کە شیعری شاعیران (مەلای جەزیری، عەلی حەریری، مەلای باتێ، دوورفشان، مەلا مەقسوودی عاسمی، ڕەمەزان) و چەندین نموونەی شیعری فۆلکلۆری کوردی، گۆرانی لیریکی، ڕازی میللی ئەوینداری خەلیل بەگی موسوڵمان و گەڤری (گوری) کچە کوردێکی ئێزدی تێدایە(Руденко.М. Б.,1961:сс ؛ Мусаэлян.Ж.С.,2004:с103 14 - 16). لەناو کوردناساندا (ئا.ژابا) یەکەم کەس بووە کە بایەخی بە (مەلای جەزیری) داوە، لە کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکەیدا غەزەلێکی (مەلای جەزیری) هەیە و دەربارەی مێژووی ژیانی ئەو شاعیرەی کورد (ئا.ژابا) بیرو ڕای خۆی خستووەتەڕوو(ئەیووبی. کەریمی و سمیرنۆڤا.ئی. ئا، ٢٠٠٨: ١٩٩).

کوردناسی لە ڕووسیا لەم کاتەدا لە قۆناغی سەرهەڵدانیدا بوو، تەنها کار لەسەر ناساندنی کورد دەکرا، پاش ئەوەی (ئا.ژابا) توانی ئەم کۆمەڵە دەستنووسەی دەربارەی داستانە کوردییەکان، پەخشان، چیرۆک، زمانەوانی، مێژووی کورد بە هاوکاری (مەلا مەحموود) کۆبکاتەوە، دەست بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ڕێکخراو دەربارەی کورد کرا. (مستەفا.ئارام عەلی، ٢٠١٩: ٢٤٥).

مەلا مەحموود لە زۆرینەی بەرهەم و کۆکارەکانی (ئا.ژابا)ڕۆڵی هەبووە، هەرچەندە ناوی خۆی لەسەر ئەم کارانە و تەنانەت بەشێکی بەرهەمەکانی خۆیشی نەنووسیوە و هەر بەناوی (ئا.ژابا) ەوە ناسێندراون، ئەوەش وەک خۆ پارێزییەک بووە لە بەرامبەر کاردانەوەی کۆمەڵگە و کەسایەتییە ئاینییەکان. چونکە ئەو ترسی ئەوەی هەبووە کە بۆ مەلایەکی دیاری وەک ئەوکارکردن و هاوکاریکردنی کەسێکی نا موسوڵمان بەکارێکی نابەجێ دابنرێت. لەم بارەیەوە (م. ب. ڕۆدینکۆ) دەڵێت:» مەلا مەحموود بە ناوی ( فەقیر مەحموود ئەفەندی، حاجی مەحموود ئەفەندی خواجە مەحموود ئەفەندی) ناوی خۆی تۆمارکردووە، بۆ ئەوەی پیاوانی ئاینی لە خۆی نەوروژێنێت» (Руденко.М. Б,1961:с4)، ئا.ژابا لە ئەو پێشەکییەی کە بە زمانی فەرەنسی بۆ (عادات و رسومات نامەی اکرادییە) نوسیویەتی ئاماژە بەوە دەکات کە (مەلا مەحموود) خۆی نەیویستووە ناوی لەسەر نووسین و هاوکارییەکانی بێت (КУРДОЕВА.К.К. И Мусаэлян.Ж.С.,1986:сс 10- 11).

هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە کە سەرجەمی بەرهەم و نوسینەکانی (مەلا مەحموود) بە تەواوی دیار نەبن، لە کۆکار و کۆمەڵە دەستنووسەکەی (ئا.ژابا)دا چەند دەستنووسێکی وەک ( داستانی یوسف و زوڵەیخای سەلیمی سەلیمی، قەڵای دمدم، زەمبیل فرۆش، قەولی هسپی رەش، چیرۆکی سیامەند و شەمسێ) ئەگەر چی ناوی (مەلا مەحموود)یان لەسەر نییە و تا ئێستا ساغ نەکراونەتەوە کە بەرهەمی ئەوبن، بەڵام ڕایەک هەیە کە بە بەرهەم و کاری ئەوی دەزانێت(Руденко.М. Б.,1961:сс55 – 60, 70 – 72, 81,87, 92 - 93).

بە سەرنجدانمان بە هاوکارییەکانی مەلا مەحموود و کاری پێکەوەییان لەگەڵ (ئا.ژابا) بۆمان دەردەکەوێت لە ( ١٨٥٦ – ١٨٦٩ز) مەلا مەحموود لە چوار ئاستدا (نوسینەوەی دەستنووس و تێکستەکان، نوسینی بەرهەمی نوێ بە زمانی کوردی و فارسی، وەرگێڕانی دەستنووس و داستان و چیرۆک و پەندی پێشینان، بەشداربوون لە دانانی بەرهەمی نوێ) هاوکاری (ئا.ژابا)ی کردووە.

یەکەم : نووسینەوەی دەستنووسەکان لە لایەن مەلا مەحموودی بایەزیدی

لەسەر داواکاری (ئا.ژابا) لە ساڵی ( ١٨٥٦ز) مەلا مەحموود تێکستی (مەم و زینی ئەحمەدی خانی) بە زمانی کوردی (کرمانجی) نووسیوەتەوە، ناونیشانی تێکستەکە بە دەستخەتی (ئا.ژابا) بە زمانی فەرەنسی بە (Legende kurde, traduit du kurde par Auguste JABA, ancien Consul de Russie a Erzerum) نووسراوە. لە سەرەتای دەستنووسەکە دەربارەی ئەم بەرهەمەی (ئەحمەدی خانی) و بەرهەمەکانی دیکەی و پێگەی لە ئەدەبی کوردیدا لە لایەن (ئا.ژابا) و بەزمانی فەرەنسی هەندێک زانیاری نووسراوە. لە پەڕەی سێیەم بەدواوە هەر پەڕەیەک کراوە بە دوو بەشی ستوونی و بە خەتێک لێک جیاکراونەتەوە و بەشی دەستە ڕاست بە کوردی ئەلفبای عەرەبی و بەشی دەستە چەپ بە کوردی ئەلفبای لاتینی نووسراوە، (ئا.ژابا) کاری گۆڕینی بۆ ئەلفبای لاتینی و وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی ئەنجام داوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، دەستنووسەکە (٥٥) پەڕەیە(پیربال. فەرهاد، ١٩٩٧:٣٩ – ٦٨ ؛ هەمان نوسەر، ٢٠٠٠:١١-١٢).

سەرەڕای ئەم دەستنووسەی (مەم و زین) لە پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان چەند دەستنووسێکی دیکەی (مەم و زین) هەیە، دەستنووسێکیان بە کۆدی (B2514) پارێزراوە و یەکێکە لە ئەو دە کارە فۆلکلۆرییەی لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ( مارتن هارتمان) کۆکراوەتەوە و لە (١٨٩٩ز) ڕەنووس کراوە، گەورەترین کاری نێو ئەم کۆمەڵەیە تێکستی ( مەم و زین) ە بە ناونیشانی ( محبتە مم و زین) و بچوکترینی ( لوژا محبتی)یە (خەزنەدار. د.مارف، ١٩٧٣: ٥٩ -٨٣، هەمان نوسەر، ٢٠١٤: ١٨٦ - ٢٠١).

کارێکی دیکەی (مەلا مەحموود) لە نووسینەوەی دەستنووسەکان، نووسینەوەی دەستنووسی ( کتاب مولود شریف)ە کە لە (١٨٥٧ – ١٨٥٨ز) نووسیویەتییەوە و دەستنووسەکە (١٣١) پەڕەیە و بە کۆی (ГПБ, курд 9) پارێزراوە(Руденко.М. Б.,1961:сс 41 - 42).

نووسینەوە و ساغکردنەوەی دەستنووسی کتێبە ڕێزمانییەکەی (عەلی تەرەماخی) دەرخەری پشوو درێژی و پێشهاتنی تەنگ و چەڵەمە بۆ ( ئا.ژابا، مەلامەحموود) دەردەخات. سەبارەت بە چۆنییەتی دەستکەوتنی دەستنووسەکە و نووسینەوەی (ئا.ژابا) لە نامەیەکیدا بۆ (ب.ئا. دۆرن) لە (١٨٥٨ز) باس لە ئەوە دەکات کە :» خاوەنی دەستنووسەکە مەلایەکی پیری خەڵکی هەکاری بووە، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبووە دەستبەردانی دەستنووسە پڕ بایەخەکەی بێت، بەڵام دواتر توانیم بە دیارییەک ڕازی بکەم ڕێگەم بدات وێنەیەکی لەبەر بنووسمەوە»(


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(Мусаэлян.Ж.С.,1991:с85)، دوای وەرگرتنی دەستنووسەکە (مەلا مەحموود) لە (١٨٥٨ – ١٨٥٩) دەسنووسەکە دەنووسێتەوە، لە پێشەکی کارەکەیدا باسی لە ژیانی ( عەلی تەرەماخی) و هەندێک نووسەر و دانەری دیکەی ڕێزمانی کوردی کردووە، هەندێک زانیاری دەربارەی خوێندن و ژیانی ڕۆشنبیری کورد خستووەتە ڕوو(Мусаэлян.Ж.С.,2004:с100)، دەستنووسەکە بە ناونیشانی (صرف بعضى اصول لازمه ي تعليمه به زمانى كورمانجييه) و بەکۆدی (С1958) پارێزراوە. (Руденко.М. Б., 1961:сс 101 КУРДОЕВА.К.К. И Мусаэлян.Ж.С,1986:с10 ؛ 102)

کارێکی دیکەی (مەلا مەحموود) لە نووسینەوەی دەستنووسەکان، نووسینەوەی دەستنووسی داستانی شێخی سەنعانە و ناونیشان و پەراوێز و وەرگێڕانی هەندێک وشەی بۆ سەر زمانی فەرەنسی لە لایەن (ئا.ژابا)ەوە ئەنجام دراوە (فەرهاد پیربال، ٢٠٠٠: ٧) ناونیشانی دەستنووسەکە (كتاب قصه شيخ صنعانيان)ە و (٤٤) پەڕەیە، پاش تەواوکردنی لە ( ١٨٦٥ز) لەلایەن (ئا.ژابا) نێردراوە بۆ سان پیتەربۆرگ بە کۆدی (курд 44) لە ( کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی سالتیکۆف – شیدرین) پارێزراوە(شریفى. شلير ابراهيم،١٣٩٧: ١٧ - ١٨).

## دووەم : نووسینی بەرهەمی نوێ لە لایەن مەلا مەحموودی بایەزیدی

لە لایەن (مەلا مەحموود)ەوە چەند بەرهەمێک دەربارەی ڕێزمانی کوردی، مێژوو، ئێتنۆگرافیای کورد لەسەر داواکاری (ئا.ژابا) نووسراوە، کاری فرە بایەخداری لە بواری زمانی کوردی ( رساله تحفه الخلان فى زمانێ کردان)ە کە ناوبانگێکی زۆری هەیە لە نێو بەرهەمە زمانەوانییەکانی کورددا. لەم کارەیدا (مەلا مەحموود) هەندێک زانیاری دەربارەی فۆنێتیکی زمانی کوردی، وەسفی شێوەی کار، کات و تەسریف، پێشگر و پاشگر، تایبەتمەندی ناوی کەس و شت، ئامرازی پەیوەندی خستووەتە ڕوو(هێمن عمر ئەحمەد، ١٣٩٧: ١٦٧ – ١٨٢). لە دەستنووسەکەدا چەند پەڕەیەک بۆ فەرهەنگی (کوردی – تورکی) تەرخانکراوە و بە مەبەستی فێربوونی زمانی کوردی (مەلا مەحموود) لە کۆتایی دەستنووسەکەدا گفتوگۆیەکی نووسیوە، دەستنووسەکە(١٤٤) پەڕەیە و بە کۆدی(курд 7) پارێزراوە(Руденко.М. Б., 1961:сс105 – 107 ).

بەرهەمێکی دیکەی (مەلا مەحموود) لە بواری زمانی کوردی دانانی کتێبێکی فێرکارییە بۆ منداڵان بە ناونیشانی ( صفحه صبيان)، دەستنووسی ئەم کارەی مەلا مەحموود (٤٥) پەڕەیە و بە کۆدی (курд 6) پارێزراوە. (М. Б. РУДЕНКО,1961:с110 )، م.ب. ڕۆدینکۆ گریمانەی ئەوە دەکات کە (مەلا مەحموود) ئامانجی لە ئەم کارەی فێرکردنی منداڵانی کوردی حوجرەکان بێت، وەک دەڵێت :» مەلا مەحموود درێژە پێدەری نەریتی هیومانیست و ڕۆشنگەری گەورەی کوردی سەدەی حەڤدەیەم ( ئەحمەدی خانی)یە، کە ئەمیش بڕوای وابووە کە منداڵانی کورد لە حوجرەکاندا نابێت بە تەنها فێری قورئان و زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی بکرێن، بەڵکو دەبێت فێری زمانی کوردی ببن و بیخوێنن»( ڕۆدینکۆ. م.ب،٢٠٢٠: ٣٦ – ٣٧)،

لە کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکەی (ئا.ژابا) بەرهەمێکی دیکەی (مەلا مەحموود) دەربارەی زمانی کوردی بە ناونیشانی ( خبردانا زمانی کورمانجی) هەیە، ئەم کارەی تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی دەستەواژە بەربڵاو و باوەکانی زمانی کوردی بە شێوەی دیالۆگ و گفتوگۆ، وەرگێڕانی بۆ سەر ئەلفبای لاتینی و زمانی فەرەنسی لە لایەن (ئا.ژابا)ەوە ئەنجام دراوە. دەستنووسەکە (٨٨) پەڕەیە و بە ( رۆژه وه به خير) دەست پێدەکات و بە ( خدى خوشى بدات سرى حمويان اوه) کۆتایی دێت و بە کۆدی (курд ٥٠) پارێزراوە (Руденко.М. Б., 1961:сс 104 - 105)

وەک یەکەم نووسەر و دانەری کورد (مەلا مەحموود) لەسەر داوای (ئا.ژابا) کتێبێکی بە ناونیشانی ( عادات و رسوماتنامەی اکرادييه) دەربارەی ئێتنۆگرافیای کوردی نووسیوە، ئەم بەرهەمە یەکێکە لە ئەو کەلەپوورە بە بەهایانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و شێوەی ژیان و بیروباوەڕ و هۆز و خێڵە کوردییەکانی کورد دواوە و وەک شارەزایەک باسی لە خوو ڕەوشت و باوەڕو کولتووری ماددی و ژیانی کوردانی موسوڵمان و زەماوەند و پرسە و خوازبێنی و تۆڵەسەندنە و کۆچەری نەتەوەی کورد کردووە،(مەلا مەحموودی بایەزیدی، ٢٠١٥) بە ڕای (م. ب. ڕۆدینکۆ) لە کۆمەڵە دەستنووسەکەی (ئا.ژابا)دا باشترین دەستنووس ئەم دەستنووسەیە ( ڕۆدینکۆ، ١٩٦٣: ١٧) بەرهەمەکە

لە (١٨٥٨ – ١٨٥٩ز) بە ناونیشانی ( کتاب عادات و رسومات نامە طوایفا اکرادیە و اصول نضامات کورمانجی) نووسراوە و بە کۆدی (٣٤ курд) پارێزراوە، لە (١٨٦٨ز) لە لایەن ( شەهنەزەر) لە سمیرنا ئەم کارەی مەلا مەحموود وەک دەستنووسێکی نوێ نووسراوەتەوە و ( ئا.ژابا) تێکستی ئەم دەستنووسەی بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە و ئەم کارەی ( شەهنەزەر) بە کۆدی (курд 35) پارێزراوە(Руденко.М. .(Б., 1961:сс113 - 114

کاری گرنگی (مەلا مەحموود) لە بواری مێژووی کورددا لە سەر داوای (ئا.ژابا) ، بەردەوامیدان بووە بە نووسینی مێژووی کورد لە دوای شەرەفنامە و بە ناونیشانی (تاریخی جیدیدی کردستان) بەرهەمێکی مێژووی نووسیوە کە نزیکەی (١٠٠٠) هەزار لاپەڕە بووە، (ئا.ژابا) پێشەکی ئەم بەرهەمەی بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە و بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان لە (٣٠ی ئازاری ١٨٦٧) بۆ ئەکادیمیای زانستەکانی دەنێرێت و ئاماژەش بەوە دەکات کە بەرهەمەکە لە (١٨٥٧ – ١٨٥٨ز) نوسراوە (Васильева.Е.И.,1967:с9). (پیوتەر لێرخ) بە پێی پێشەکییە وەرگێڕدراوەکەی (ئا.ژابا) هەڵسەنگاندنی بۆ بەرهەمەکە کردووە (Архив АН СССР 1865:сс10-11)، لە ئەرشیڤی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕوسیا دەستنووسی وەرگێڕانی پێشەکییەکەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە کە (٥٠) لاپەڕەیە، بە پێی نامەیەکی (ئا.ژابا) لە (١٣ی حوزەیرانی ١٨٦٧ز) بۆ (ب. ئا.دۆرن)ی ناردووە تاریخی جدیدی کردستان لە (١١) بەش پێکهاتبوو(Васильева.Е.И, .(1967:с9

لە سەرجەم بابەتەکانی نێو پێشەکییەکەدا پێرستی ناونیشانەکان لە هەموویان سەرنجڕاکێشترە، ئەمەش یارمەتیدەری ناسینی ناوەڕۆکی کتێبەکە دەبێت. بە پێی پێشەکییەکە دەبێت ناوەڕۆکی کتێبەکە بەم شێوەیە بێت( بەشی یەکەم : ڕووداوەکانی ساڵانی (١٧٨٦ – ١٧٨٨ز ) هەتا ( ١٨٥٧ – ١٨٥٨ز) کە لە ئەرزڕۆم ڕویانداوە، بەشی دووەم : وەسفی ڕووداوەکانی ناوچەکەی ڕوژەکی کە لە شارەکانی (موش و بەدلیس) ڕویانداوە، بەشی سێیەم : وەسفی ڕووداوەکانی ناوچەی مەحموودی، بەشی چوارەم: ئەو ڕووداوانەی کە لە وان ڕوویانداوە، بەشی پێنجەم : ئەو ڕووداوانەی کە لە هەکاری ڕوویانداوە، بەشی شەشەم: ڕووداوەکانی ڕەواندز، بەشی حەوتەم: ڕووداوەکانی بادینان(ئامیدی)، بەشی هەشتەم: ڕووداوەکانی بۆتان( جەزیرە)، بەشی نۆیەم: ڕووداوەکانی ناوچەی سلیڤان، بەشی دەیەم : ڕووداوەکانی قارس و گرتنی ئەو شارە لەلایەن ڕووسەکانەوە، بەشی یازدەهەم: ڕووداوەکانی ئازەربایجان – خۆی – تەبرێز – یەریڤان – ورمێ – مەراغە – ماکۆ .(Васильева.Е.И,1989:с35)

مەلا مەحموود لە پێشەکی ئەم بەرهەمەدا باس لە شەرەفخانی بەدلیسی و ئەفسانەکان دەربارەی ڕەچەڵەک و ڕەگەزی کورد، بڵاوبوونەوەی کورد، تایبەتمەندی و داب و نەریت، شێوازی ژیان و زمان و دیالێکتە کوردییەکان، جوگرافیای دابەشبوون و نیشتەجێبوونی هۆزەکانی کورد، ژمارەی ئێزدییەکان وتایبەتمەندییان کردووە. پاشان دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی شەرەفنامە و شەرەفخان و ئاماژە بە وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی تورکی دەکات کە لە بەدلیس ئەنجام دراوە . (ڤاسیلیێڤا. ی. ئی.ا،٢٠٠٦، ١٠ – ٢٣) ئەم بەرهەمە تاکە یەک دەستنووسی هەبووە لەناو ئەرشیفەکەی (ئا.ژابا)دا وونە، چارەنووسی بە نادیاری ماوەتەوە و هیچ سۆراغێکی نییە، ڕەنگە وەرگێڕانەکەی بۆ سەر زمانی فەرەنسی تەواو نەکرابێت و دەستنووسەکە لە ئەرشیفی (ئا. ژابا) لە سمیرنا مابێتەوە و بە هەر هۆکارێک بێت وون بووبێت .(Мусаэлян.Ж.С.,2004:с102)

## سێیەم : وەرگێڕانی دەستنووس و داستان و چیرۆک و پەندی پێشینان

جگە لە بەرهەمە دانراوەکانی (مەلا مەحموود) گەلێک بەرهەمی جیاواز و نموونەی فۆلکلۆری لە زمانی تورکی و فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، جگە لە وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی شەرەفنامە، ڕازی میللی فارسی، ئەفسانە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی تورکی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە(ڕۆدینکۆ. م.ب،٢٠٢٠: ٣٧).

لە (١٨٥٨ – ١٨٥٩ز) چیرۆکی (لەیل و مەجنون) بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، (ئا.ژابا) بۆ ئەلفبای لاتینی گۆڕیوە و بۆ زمانی فەرەنسی

وەرگێڕاوە و پێشەکییەکی بۆ نووسیوە، بە کۆدی (курд 31) پارێزراوە(Руденко.М. Б., 1961:c63)، ئەم دەستنووسەی (مەلا مەحموود) گێڕانەوەی چیرۆکی لەیل و مەجنونە بە شێوەی پەخشان، هەژدە ناونیشانی بۆ بابەتەکان تێدایە و دەستنووسەکە (٨٧) پەڕەیە و هەر پەڕەیەک کراوە بە دوو ستوون، لای ڕاست تێکستەکە بە زمانی کوردیە و لای چەپ هاو شێوەی دەستنووسەکانی تر بۆ وەرگێڕانەکەی تەرخان کراوە. ناونیشانی تێکستی دەستنووسەکە بە ( کتاب ترجمە لیلا مجنون ترکی بزمانی اکراد و کورمانجی فی سنە ١٢٧٤) نوسراوە و بە ( تمت ترجمە لیلا مجنون کوردی ١٢٧٤، کتبت لاجل میر ژابا بیگ) کۆتایی دێت (هێمن عومر ئەحمەد، ٢٠٢٠، ١٣١ – ١٣٢). مشتومڕی ئەوەش لەسەر دەستنووسەکە هەیە کە وەرگێڕانی داستانێکی شیعری فزوڵی شاعیری تورک بێت، یان گێڕانەوەیەکی پەخشان ئامێزی چیرۆکە شیعرییەکەی حارسی بەدلیسی (سەوادی) بێت. Jahany.P,2016:p 37 )؛Adak. A , 2017:p 113؛ ئەحمەد. هێمن عومر، ٢٠٢٠: ١٣١ – ١٣٢؛ پیربال. فەرهاد، ٢٠٠٢:٣٢).

دەستنووسێکی دیکەی وەرگێڕانەکانی (مەلا مەحموود) وەرگێڕانی (٨٤) چیرۆکی فۆلکلۆرییە لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی، دەستنووسەکە لە (١٨٦٨ز) لە سمیرنا وە بۆ سان پیتەربۆرگ نێردراوە و (١٠٢) پەڕەیە و (٤) پەڕەی بە بێ تێکستە بە ( دو ژن درحق زارویکی) دەست پێدەکات و بە ( بابی من ژی دگهیژە بهشتی) کۆتایی دیت، بە کۆدی (курд 43) لە ( کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی سالتیکۆف – شیدرین پارێزراوە (Руденко.М. Б., 1961:c20).

(مەلا مەحموود و ئا.ژابا) پێکەوە کۆمەڵێک پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی تورکییان بۆ زمانی کوردی و فەرەنسی وەرگێڕاوە، دەستنووسەکە بە ناونیشانی ( ترجما ضرب مثلانە بزمانی کورمانجی) لە (٢٣ی کانونی یەکەمی ١٨٥٦ز) بۆ سان پیتەربۆرگ نێردراوە، وەرگێڕانە کوردییەکە لە لایەن (مەلا مەحموود) و فەرەنسییەکە لە لایەن (ئا.ژابا) ئەنجام دراوە، دەستنووسەکە بە ( یار هزار هندکە) دەست پێدەکات و بە ( هسپار بزە یما خوە ریندە دکە) کۆتایی دێت، دەستنووسەکە (٦١) پەڕەیە و بە کۆدی (kurdica D ٤٤٧ I) لە پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان پارێزراوە(شریفی. شلیر ابراهیم،١٣٩٧: ٩)

## چوارەم : بەشداربوون لە دانانی بەرهەمی نوێ

بەرهەمێکی کاری هاوبەشی نێوان (مەلا مەحموود، ئا.ژابا) ئامادەکردنی چل تێکستی کوردی بە ناونیشانی (جامع ڕسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی) و وەرگێڕانیەتی بۆ زمانی فەرەنسی، جگە لە تێکستەکان لە ئەم بەرهەمەدا زانیاری دەربارەی هەشت شاعیری کورد خراوەتە ڕوو. (ئا.ژابا) لە پێشەکییدا زانیارییەکانی دەربارەی هۆزەکانی کورد باس کردووە، هەروەها بە دەستخەتی (مەلا مەحموود) ناساندن و پێشەکی بۆ بەرهەمەکەی (عەلی تەرەماخی) بە ناونیشانی (مقدما علمی صرفی و بعضێ اصول لازمەیی تعلیمییە بزمانی کورمانجی) خراوەتەڕووJABA (.M.Alexandre and BAYAZIDI .MAHMUD. 1860 ).

سەبارەت بە ئەم کارەیان (ئا.ژابا) لە مارتی (١٨٥٩ز) ئاماژەی بەوە کردووە کە لە درێژەی گرنگیدان و لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی کوردی قۆناغ بە قۆناغ ئەگەرچی سەختیش بووە، توانیویەتی چل چیرۆک لە زاری کوردەکانی ناوچە جیاوازەکانی (موش، بەدلیس، وان، بایەزید، قارس، ئەرزڕۆم، ئەرزنجان) کۆبکاتەوە. بڵاوکردنەوەی ئەم کارە سەرنجی زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانناسەکانی لە ڕووی زمانەوانی، مێژوو و ئیتنۆگرافیاوە ڕاکێشاوە، بە تایبەتی لە لایەن بەریتانییەکانەوە گرنگی زۆری پێدراوە، لەم سۆنگەشەوە لە لایەن مۆزەخانەی بەریتانیا ئەرکی پەیداکردنی دەستنووسە کوردییەکان و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کورد بە( تایلۆری) ڕۆژهەڵاتناس و کونسوڵی ئەوکاتی بەریتانیا لە ناوچەکە سپارد(Мусаэлян.Ж.С.,1991:cc86 - 87).

بەشێکی کارە دانراوەکانی (مەلا مەحموود، ئا.ژابا) تایبەت بووە بە فەرهەنگ، یەکێک لە ئەو فەرهەنگانە کە پێکەوە دایان ناوە فەرهەنگی دیالێکتی ( هەکاری و ڕەوەندی – فەرەنسی) بووە. مەلا مەحموود پێشەکییەکی بۆ ئەم بەرهەمە بە ناونیشانی ( اڤە رسالەیکە د بەحثا هنک فرق و جدایی د نێڤ لوغاتید اکرادان هنە و بیانا بعضی قواعید عمووی ید لازمە) نووسیوە، بەشی دووەمی بەرهەمەکە فەرهەنگێکی

بەراودکردنی (٨٢٠) ووشە لە نێوان دوو شێوە لە زمانی کوردی ( هەکاری، ڕەوەندی) لە خۆ دەگرێت، هەر پەڕەیەکی دەستنووسەکە کراوە بە پێنج ستوون لە ڕاستەوە بۆ چەپ (١.ووشەی ڕەوەندی بە پیتی لاتینی، ٢.ووشەی ڕەوەندی بە پیتی عەرەبی، ٣.ووشەی هەکاری بە پیتی لاتینی، ٤. ووشەی هەکاری بە پیتی عەرەبی، ٥.وەرگێڕانی ووشەکە بۆ فەرەنسی)، ئەم دەستنووسە لە لایەن ( شەهنەزەر)ەوە ڕەنووس کراوە و (٤٩) پەڕەیە، بە کۆدی (D448) لە پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان پارێزراوە(خەزنەدار. د.مارف، ١٩٧٤: ٩ -١٣).

یەکێکی دیکە لە کارە هاوبەشەکانی نێوان (مەلا مەحموود، ئا. ژابا) دانانی فەرهەنگێکی (کوردی – ڕووسی – فەرەنسی ، فەرەنسی – کوردی – ڕووسی) بووە(ی.ف. پۆپۆڤا، ٢٠١٤، ٦ )، (ئا.ژابا) لە ( ١٨٦٥ز) بەشی یەکەمی فەرهەنگەکە بۆ ئەکادیمیای زانستەکان دەنێرێت کە لە ( ٧٢١) لاپەڕە پێکهاتبوو، هەر لاپەڕەی لە (١٨) دێڕە، کۆی گشتی فەرهەنگەکە (١٥) پازدە هەزار ووشەی لەخۆگرتبوو. لیژنەیەک لە لایەن ئەکادیمیای زانستەکان لە هەریەک لە ( ب. ئا. دۆرن، ف.ف. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ ، پ. لێرخ) بۆ پێداچونەوە و هەڵسەنگاندنی دەستنیشان دەکرێت، بەهۆی بوونی چەندین سەرنج و تێبینی لەسەر ئەم بەشەی فەرهەنگە ( کوردی – فەرەنسی – ڕووسی) بڕیاری چاپنەکردی دەدرێت و دەستنووسەکە دەپارێزرێت تا بەشی دووەمی فەرهەنگەکە لە لایەن (ئا.ژابا)ەوە دەنێردرێت(Мусаэлян.Ж.С 1991:с 87؛ Мусаэлян.Ж.С., 1990:с64).

لە دوای خانەنشین بوونی (ئا.ژابا) دەستی بەکارکردن لەسەر فەرهەنگەکە کردەوە، لە ( ١٨٦٧ز) دەستنووسی ئەم فەرهەنگە پاش ئەوەی دووبارە کاری لەسەر کرد دەنێرێت بۆ ئەکادیمیای زانستەکان. دەستنووسەکە (٦٥٦) پەڕەیە و هەر پەڕەی ( ١٨ بۆ ٢٥) دێڕە، (٦) شەش هەزار ووشەی لە خۆگرتبوو. جارێکی دیکە لە لایەن لیژنەی ڕاسپێردراو پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکە دەکرێت، جگە لە ( پ. لێرخ) پێشنیاری چاپکردنیان کرد، بەڵام (پ. لێرخ) ڕەخنەی لە ( ناڕاستی وەرگێڕانی هەندێک لە ئیدیۆمە کوردییەکان ، بوونی هەڵەی ڕێنووس، نەنووسینی هاوتای ڕووسی واتاکان) لە فەرهەنگەکە هەبووە و وای بەباش زانیوە کە لەگەڵ نووسینەوەی ووشەکان بە پیتی لاتینی و تەواوکردن و ڕاستکردنەوەی ئەوکاتە فەرهەنگەکە چاپ بکرێت، (ئا.ژابا) بەدرێژایی ماوەی ( ١٨٦٧ – ١٨٧٢ز) کاری بەردەوامی لەسەر فەرهەنگەکە کردووە و لە ڕێگەی ( ئا. ئۆ.مووخلینسکی) کۆپییەی نوێی سەرجەم دەفتەرە وونبووەکانی فەرهەنگەکە دەنێرێت بۆ سان پیتەربۆرگ. سەرئەنجام بەشی مێژوو و فیلۆلۆژی دەستنووسی ئەم فەرهەنگە دەنێرێتە (مۆزەخانەی ئاسیایی) بەمەبەستی هەڵگرتن و پاراستنی، تا ساڵی ١٨٧٣ز ( ڤیسیۆلۆڤسکی) داوا لە فەرمانگەی نێوخۆیی وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەکات کە سەرجەم دەفتەرەکانی فەرهەنگە ( کوردی – ڕووسی – فەرەنسی، فەرەنسی – کوردی – ڕووسی)یەکەی (ئا.ژابا) ڕەوانەی شاری (ماربوورگ) بکرێت و ڕادەستی پرۆفیسۆر ( ف. یوستی) بکرێت(Мусаэлян.Ж.С.,1991:сс87 - 93)، کاتێک دەستنووسەکە خرایە بەردەستی ناوبراو نووسینەوەی ووشەکانی بە پیتی لاتینی و بەشە ڕووسی‌یەکەی لابرد بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی ( کوردی – فەرەنسی) لێ ئامادە بکات و لە ساڵی ( ١٨٧٩ز) فەرهەنگەکە بڵاوکرایەوە(JABA.M.AUGUSTE,1879).

مەلا مەحموود بە هاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە شاعیرانی کورد ( عەکیف وانی، ئەشیبک سیپکی) بەشداربوون لە دانانی کتێبێکی کوردی – فەرەنسی وەک ڕێبەرییەک بۆ فێربوونی زمانی کوردی. ئەم کتێبە لەسەر داوای ئەکادیمیای زانستەکان لە (ئا.ژابا) ئامادەکراوە (Мусаэлян.Ж.С., 1995:сс 493 - 512 ؛ Мусаэлян.Ж.С.,2012:с119)، ئەم کتێبە نزیکەی ( ٣٣٠٠) سێ هەزار و سێ سەد ڕستەی گفتوگۆی بە شێوەی پرسیا رو وەڵام لە خۆگرتووە، لە زاری کوردەکانی ئەرزرۆمەوە نووسراونەتەوە (Мусаэлян.Ж.С.,1991,85).

هەرچەندە دەستنووسی کارەکە لە ( ١٨٥٨ – ١٨٥٩ز) نووسراوە بەڵام لە لیستی دەستنووسە کۆکراوە و پارێزراوەکانی سان پیتەربۆرگدا نەبووە، (ئا.ژابا) لە نامەیەکی بۆ (ب.ئا.دۆرن) لە ئازاری ( ١٨٧٦ز) ئاماژەی بەوە کردووە کە دەستنووسەکە دەنێرێت، بە هەر هۆکارێک بێت ئەم دەستنووسە بۆ ڕووسیا نەنێردراوە (Мусаэлян.Ж.С.,2004:с101)، هەتاکو ساڵی ( ١٩١٣ز) کاتێک (ڤ. مینۆرسکی) لە کوستەنتینیپۆڵ هەواڵی ئەوەی زانی کە ئەرشیفەکەی (ئا.ژابا) لە لای خێزانەکەی ماوەتەوە و لە سمیرنا نیشتەجێن، لە ڕێگەی کونسوڵی ڕووسیا لە شارەکە سۆراغی ئەرشیفەکەی کرد، کونسوڵیش لە ڕێگەی کوڕەکەی (ئا.ژابا)ەوە ئەرشیفەکەی گەیاندە (ڤ.مینۆرسکی)، ساڵانێک دواتر و لە (

١٩٥٢ز) دەستنووسە ئەم بەرهەمە کە بە (دیالۆگە کوردییەکان) ناسراوە لە لایەن (ف.مینۆرسکی) دەنێردرێت بۆ لینینگراد(.Мусаэлян Ж.С.,2012:сс115, 118 - 119). دەستنووسەکە لە (٤٧٩) پەڕە پێک دێت و هەر پەڕەی (١٤) دێڕی لە خۆگرتووە و زانیارییان دەربارەی هەندێک لایەنی ژیانی کورد ( بیرو باوەڕ، خووڕەوشت، داب و نەریت، ڕێوڕەسم، چیرۆکی فۆلکلۆری) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم تێدایە (Мусаэлян.Ж.С.,2004:с101).

(ئا.ژابا) پاش حانەنشین بوونی لە (١٨٦٦ز) بەدواوە لە سمیرنا نیشتەجێ دەبێت، بە تەواوی کاتەکانی خۆی بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەکان لەسەر مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمانی کوردی تەرخانکرد (Там же:с102). ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نامەیەکیدا بۆ (ک.ئا.کاسۆڤیچ) سەرپەرشتیاری لە چاپدانی کارە زانستییەکانی کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی ئەوە دەردەکەوێت کە باری دارایی (ئا.,ژابا) باش نەبێت و داوای ئەوەی کردووە کە ئەو دەستنووسانەی لە ماوەی کارکردنی وەک کنسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم کۆیکردونەتەوە و لە مۆزەخانەی ئاسیایی پارێزراون لە لایەن کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی خاوەنداریێتی بکرێن بە بری ( ٣٠٠٠) سێ هەزار رۆبڵ(Мусаэлян.Ж.С.,1991:сс93 - 94)، بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەکە ئەرکی بەدواداچوون و یەکلاکردنەوەی ئەم پرسەی بە ( ب.ئا. دۆرن، ف.ف. ڤیلیامینۆڤ زێرینۆڤ، پ. لێرخ) دەسپێرێت و داوایان لێدەکات کە بۆچونی خۆیان و نرخی دەستنووسەکان دەستنیشان بکەن، پاش بینین و لێکۆڵینەوە خەمڵاندن بۆ دەستنووسەکان کرا، نرخی کۆی دەستنووسەکان بە (١٣٠٠) رۆبل دەستنیشانکرا، لە کۆتایی (١٨٦٨ز) ئا.ژابا ئاگادار دەکرێتەوە کە کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی سەرجەم دەستنووسەکانی بە ئەو نرخە لێدەکرێت و پاش ڕازیبوونی دەستنووسەکان دەبن بە موڵکی کتێبخانەکە (Мусаэлян.Ж.С.,1990:сс65- 66 ).

(ئا.ژابا) لە شوباتی (١٨٨١ز) دواین کاری کۆکراوی خۆی لە سمیرناوە بۆ ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانناسی ئەڵمانی ( ف. یوستی) دەنێرێت، لە هەمان ساڵدا ئەم کارەی (ئا.ژابا) لە لایەن (ف. یوستی) لە (Bulletin de l'athénée Oriental) بڵاودەکرێتەوە، ئەم کارە لە لایەن (مەلا مەحموود) ناونیشانی ( گەوەرێ و گۆرانییەکانی – هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان) نووسراوە، دەستنووسەکە چیرۆکی ئەوینداری و خۆشەویستی کچێکی ئاسایی گۆرانیبێژی ئێزیدی کە بە گۆرانییەکانی ناوبانگی دەرکردبوو لەگەڵ خەلیل بەگی کوری عەبدی پاشا سەرداری هۆزی چۆلان بە شێوەی گۆرانی دەگێڕێتەوە، دەستنووسەکە (٢١) بەندی گۆرانییە لە زمانی خەلیل بەگەوە بە ( سوبەیە خوناف ل گەلی) دەست پێدەکات و هەر لە زمانی خەلیل بەگەوە بە ( دوو ڕاموسان بدە قسمەتی خودێ دایە) کۆتایی دێت، لە ئەم (٢١) بەندە گۆرانییە (١٢) بەندی لە زمانی خەلیل بەگەوە نووسراوە و (٩) بەندی لە زمانی (گەورێ) نووسراوە(بایەزیدی. مەلا مەحموود،٢٠١٢: ٤٧ - ٥٦).

لە کۆمەڵە دەستنووسە پارێزراوەکەی (ئا.ژابا) لە کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی لە رووسیا، دەستنووسی ( گوری و خلیل بگ) بە کۆدی (курд I) بە بێ ناوی نووسەرەکەی پارێزراوە(Руденко.М. Б., 1961:сс19 - 20). ناوەڕۆکی ئەم دەستنووسە لەگەڵ دەستنووسی (گەوەرێ و گۆرانییەکانی – هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان) هەمان بابەت و تەنانەت دەسپێک و کۆتایی دەستنووسەکەش هاوشێوەی یەکن. ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین لە کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکەی (ئا.ژابا) بە ناونیشانی ( گوری و خلیل بگ) لە ساڵی (١٨٦٨) نێردرابێت بۆ سان پیتەربۆرگ و هاوشێوەی ئەو دەستنووسانەی دیکە کە (مەلا مەحموود) ناوی خۆی لەسەر تۆمار نەکردوون لەسەر ئەم دەستنووسەش ناوی خۆی تۆمار نەکردبێت، هەروەها هەمان بابەت لە لایەن ( ئا.ژابا) بە ناونیشانی (گەوەرێ و گۆرانییەکانی – هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان) لە (١٨٨١ز) بۆ (ف. یوستی) نێردرابێت.

کۆکار و دەستنووسە کۆکراوەکانی (ئا.ژابا، مەلا مەحموود) لە لایەن زۆرێک لە کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسان نرخێندراوە، کوردناس (م.ب. ڕۆدینکۆ) سەبارەت بە هەوڵ و کارکردنی ئەم دوو کەسایەتییە لە کۆکردنەوەی تێکست و دەستنووسی کوردی دەڵێت:» ئەگەر هەوڵەکانی مەلا مەحموود و ئا.ژابا نەبووایە، تا ئێستاش بەرهەمە ئەدەبییەکوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نەدەزانرا» (ڕۆدینکۆ. م.ب، ١٩٦٣:١٩). ڕۆژهەڵاتناس (چیخاچێیف) لە لێکۆڵینەوەی ئەم دەستنووسانەوە ئەوەی زانیبوو کورد خاوەنی ئەو ئەدەبیاتە ڕەسەنەیە و وەک نرخاندنی کارەکانی (ئا.ژابا) دەڵێت:» لێکۆڵینەوەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بەتوانایە زۆر جێگای سەرنجن، چونکە ئەم تاکە کەسێکە لە ئەم ڕۆژەدا ئاوا

سەرکەوتوانە خەریکی زمانی میللەتێکە کە کەم ناسراوە و ئەوەندەش دێرینە» (Мусаэлян.Ж.С.,1991:с95).

## ئەنجام

١.لە نیوەی یەکەم و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بە ئامانجی ناسینی کورد و زمان و کەلتوورەکەی، ڕووسیا ببووە ناوەندێکی چالاکی بایەخدان بە کورد و کۆکردنەوەی کەرەستەی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی کورد، بایەخدانەی کوردناسان و ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا بە کورد،کۆکردنەوەی کۆمەڵێک دەستنووسی (زمانەوانی، مێژوویی و ئیتنۆگرافی، ئەدەبی، فۆلکلۆری) کوردی لێکەوتەوە.

٢. دەستنووسە کوردییەکان سەرنجی زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی ڕووسیایان ڕاکێشا، ڕۆڵی بنچینەییان لە گۆڕینی تێڕوانینە سەرپێی و بڕیار و حوکمدانە گشتکیرییەکان دەربارەی کورد هەبوو، بەشێک لە کوردناسان بە گرنگییەوە بایەخیان بە ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و چاپکردنی ئەم دەستنووسانە دەدا.

٣.بایەخپێدانی کوردناسانی ڕووسیا بە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان و چاپ و بڵاوکردنەوەیان، سەرنجی ڕۆژهەڵاتناس و ئێراننناسانی وڵاتانی دیکەی بەرەو کۆڵینەوە دەربارەی کورد و کۆکردنەوەی کەرەستە و دەستنووسە کوردییەکان ڕاکێشا.

٤. دەستنووسە کوردییەکان ڕۆلیان لە گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کورد و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا لە ڕووی چۆنییەتی و چەندێتییەوە هەبووە، دەروازەیەکیش بووە بۆ ئاشناکردنی کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە وڵاتانی دەرەوە و لە نێویشیاندا ڕووسیا، کە لە مێژە بە بایەخەوە ڕوانیوێتییە بابەتە کوردناسییەکان و لە هەوڵی ناساندنی زیاتری کورددا بووە.

٥.لە نێو کوردناسانی ڕووسیادا (ئا.ژابا) ڕۆڵێکی بنچینەیی و دیاری لە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان هەبووە، کارەکانی ئەم کوردناسە دەبنە قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی سەرهەڵدان و گەسەسەندنی کوردناسی لە ڕووسیا. لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دەستنووسە کۆکراوەکانی ئەم کوردناسە چەندین بواری لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکانی ڕووسیا و تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتیش کردەوە.

٦.هاوشان لەگەڵ کوردناسە ڕووسەکان چەند کەسایەتی و ناودار و بیرمەندی کوردیش بە بایەخەوە کاریان لەسەر ناساندن و کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان نەکردووە، لەوانە مەلا مەحموودی بایەزیدی وەک کارەکتەرێکی وونی پشت کاری کوردناسی لە ڕووسیا جێ دەستی دیاری هەبووە و ناوی بۆ هەتایە لە یادەوەری و هزری تاکی کورددا بە زیندوێتی دەمێنێتەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوەکان

### یەکەم. دەستنووس:


١.بایەزیدی. مەلا مەحموودی.(١٨٥٦). رساله تحفه الخلان فی زمانیٚ کردان،


### دووەم. کتێب :

أ.بە زمانی کوردی کوردی:


3.Adak.A.( 2017).di edebiyata kurdî ya klasîk de mesnewiyên Leyla û Mecnûnê, Wêje û Rexne, 3.

4.Dr. MUSTAFA ÖZTURK(2014) .KOLEKSİYONA ALEKSANDRE JABA YA DESTNİVÎSÊN KURDÎ, Vekolîn û Salox-dan, Weşanxaneya Lîs, Amed.

٥.ئۆگۆست. ژابا .(٢٠٠١).فەرهەنگی کوردی – فەرەنسی، وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە. د.نەجاتی عەبدولا، هەولێر.

٦.بایەزیدی. مەلا مەحموودی.(٢٠١٥). عادات و رسووماتنامەی اکرادیيە (داب و نەریتی کورد)، پێشەکی و وەرگێرانی بۆ رووسی. م.ب. رۆدینکۆ، وەرگێرانی لە رووسییەوە.پ.د. شوکریە رەسوڵ، چاپی دووەم، ناوەندی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی، سلێمانی.

٧.پیربال. د.فەرهاد.(٢٠٠٠).مەلا مەحموودی بایەزیدی ( ١٧٩٩ – ١٨٦٠) یەکەمین چیرۆکنوس و پەخشاننوسی کورد ، هەولێر.

٨.پیربال. د.فەرهاد.(٢٠٠٢).مێژووی وەرگێران لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٣٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩.پیربال. د.فەرهاد.(٢٠٠٩).کورد لە دیدی خۆرهەڵاتناسیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

١٠.خەزنەدار. د.مارف.(٢٠١٠). مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١١.رۆدینکۆ. م.ب. (٢٠٢٠). وتارگەلی ئەدەبی سەدەکانی ناوەراست و پاشکۆیەک، ئامادەکردنی دەسنوس بۆ چاپ و پێداچونەوە و پێشەکی و سەرنج و پەراوێز و پێرستی رێنیشاندەر ژ. س. موسائیلیان، وەرگێرانی لە رووسییەوە و پاشەکی و سەرنج و تێبینی ئەنوەر قادر محمد، بڵاوکراوەی ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی، سلێمانی.

١٢.فاسیلفا.( ٢٠٠٨).پێشەکی چاپە روسییەکەی شەرەفنامە وەرگیراوە لە کتێبی ( کۆمەڵێک کوردناسی روسیا و یەکێتی سۆڤیەت: چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێرانی لە روسییەوە. ئەنوەر قادر محمد، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٣.ڤاسیلێڤا. یێگێنیا. (٢٠٠٨).شەرەفخانی بەدلیسی ( سەردەم، ژیان، نەمری)، وەرگێرانی لە رووسییەوە د. ئارام عەلی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

١٤.کۆمەڵێک کوردناسی رووسیا و یەکێتی سۆڤیەت.(٢٠٠٨). چەند وتارێکی کوردناسی (١، ٢، ٣)، وەرگێرانی لە رووسییەوە. ئەنوەر قادر محمد، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٥.کۆمەڵێک کوردناسی رووسیا.(٢٠١٤). نیشتیمانی داستان – کەلتوری کوردی لە چاوی توێژەرانی رووس، بڵاوکراوەی گازپرۆم نەفت.


### ب.بە زمانی عەرەبی :


١٦.فاسیلیفا. ی. ی.(٢٠١١). شرفخان بدلیسی العصر و الحیاه و الخلود، ترجمة د.عبدی حاجی، الطبعة الآولی، مؤسسة موکریانی للبحوث و النشر، اربیل.

ت.به زمانی ڕووسی :
17.Байазиди.Мела Махмуд.(1986).Таварих-и кадим-и Курдистан(Древняя история Курдистана) , Настоящая книга издание факсимиле уникальной рукописи перевода на курдский язык (диалект курманджи) труда курдского историка Шараф-хана Битлси (Шараф-наме), Том I, ИЗДАНИЕ ТЕКСТА, ПРЕДИСЛОВИЕ, УКАЗАТЕЛИ и ОГЛАВЛЕНИЕ К.К.КУРДОЕВА ИЖ.С. МУСАЭЛян, Москва.
18.Бидлиси . Шараф-хан ибн Шамсаддин.(1967). Шараф-наме. Перевод, предисловие, примечания и приложения Е.И.Васильевой. Т. I. М.
19.Бидлиси . Шараф-хан ибн Шамсаддин.(1976).Шараф-наме. Перевод, предисловие,примечания и приложения Е.И.Васильевой. Т. II. М.
20.Васильева .Е.И.(1967).НЕИЗВЕСТНОЕ СОЧИНЕНИЕ ПО ИСТОРИИ КУРДИСТАНА, АКАД ЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУТ НАРОДОВ АЗИИ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА.
21.Васильева. Е.И.(1989). книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА(доклады и сообщения по проблемам курдоведения), АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ Ленинградское отделение, Часть Ш.
22.Мусаэлян. Ж.С.(1990)ИСТОРИЯ КОЛЛЕШЩ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ГПБ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА, АКАДЕМИЯ НАУК СССРИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ Ленинградское отделение, XXIII ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯ (доклады и сообщения) 1988Часть I, Москва.
23.Мусаэлян. Ж.С.(1991).А.Д.ЖАБА. И КУРДОВВДЕНИЕ, п и с ь м е н н ы е: п а м ш н и к и И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА, ХХ1У ГОДртНАЯ НАУЧ1АЯ СЕССИЯ ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения по проблемам курдоведения) 1989 Часть Ш, Издательство «Наука», Москва.
24.РУДЕНКО.М. Б.(1961). ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИ Й, АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУ Т НАРОДОВ АЗИИ, ИЗДАТЕЛЬСТВО ВОСТОЧ НОЙ ЛИТЕРАТУРЫ, МОСКВА.
ج.بەزمانی فەرەنسی:
25.BIDLIS .SCHEREF PRINCE DE.(1860).SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V.VLIAMINOF-ZERNOF, TOME I.TEXTE PERSAN-PREMIÈRE PARTIE, ST PÉT ERSBOURG.
26.BIDLIS .SCHEREF PRINCE DE.(1862).SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V.VLIAMINOF-ZERNOF, TOME I I.TEXTE PERSAN-PREMIÈRE PARTIE, ST PÉT ERSBOURG.
27.Chèref-ou›ddine. Sharaf Prince de Bidlîs.(1868) .dans l›Italèt d›Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés : Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome I, première partie

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

,St.-Pétersbourg.

28.Chèref-ou›ddine. Sharaf Prince de Bidlîs.(1870) .dans l›Italèt d›Ärzerodme. Traduits du Persan et commen tés : Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome I, seconde partie,St.-Pétersbourg.

29.Chèref-ou›ddine. Sharaf Prince de Bidlîs.(1873) .dans l›Italèt d›Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés : Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bern ard Charmoy, Tome II, première partie.,St.-Pétersbourg.

30.Chèref-ou›ddine. Sharaf Prince de Bidlîs.(1875) . dans l›Italèt d›Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés : Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome II, seconde partie,St.-Pétersbourg.

31.JABA .M.Alexandre and BAYAZIDI .MAHMUD. (1860). Recueil de Notices et Récits Kourdes, servant à la Connaissance de la Langue, de la Littérature et des Tribus du Kourdistan, reunis et traduits en français. Saint Petersburg, Imperial Academy of Sciences.

32.JABA. M. AUGUSTE.(1879). DICTIONNAIRE KURDE - FRANÇAIS, PAR PUBLDÉ PAR ORDRE DE l›ACADÉMIE DMPÉRIALE DES SCIENCES par M. FERDINAND JUSTI, Sr-PETERSBOURG.

ح.بەزمانی ئینگلیزی :

33.MALCOLM .COLONEL SIR JOHN.(1815).THE HISTORY OF PERSIA,FROM THE MOST EARLY PERIOD To THE PRESENT TIME: CONTAINING AN ACCOUNT OF THE Religion, Government, Usages, and Character OF THE INILABITANTS OF THAT KINGDOM, VOL. II, PRINTED FOR JOHN MURRAY, ALBEMARLE STREET, LONDON.

**سێیەم. تێزی زانکۆیی:**

Jahany. P.( 2016).Leyla û Mecnûna Sewadî (Metin, Lêkolîn, Şîrove). (Teza masterê). Zanîngeha Mardîn Ar-.2 .tuklu, Mardîn

**چوارەم. گۆڤار :**

أ.بە زمانی کوردی :

٣٤.ئەحمەد. هێمن عمر.(١٣٩٧).توێژینەوەیەکی شیکارییانەی دەستخەتی توخفەتولخوللان فی زمانێ کوردان بەرهەمی مەلا مەحوودی بایەزیدی، پژوهشنامه ادبیات کردی، دوره پنجم، شماره ٦.

٣٥.ئەحمەد. هێمن عمر.(٢٠٢٠).لەیلا و مەجنوونی مەلا مەحموودی بایەزیدی ( دەق، لێکۆڵینەوە، بەراوردکردن)، Govara Folklor û .Ziman Cild 1 ,Hejmar 1

٣٦.بایەزیدی. مەلا مەحموودی.(٢٠١٢). گەوەرێ و گۆرانییەکانی – هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان ( دەستنووسێکی تازە دۆزراوەی کۆمەڵە دەستنووسەکەی ژابا)، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە و پەراوێزنوسینی. د.نەجاتی عەبدوڵا، گۆڤاری بنکەی ژین، ژمارە(٤)، سلێمانی.

٣٧.پیریاڵ. د.فەرهاد.(١٩٩٧).مەم و زینی مەلا مەحموودی بایەزیدی، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژمارە (١)، بەرگی یەکەم.

٣٨.خەزنەدار. د.مارف.(١٩٧٣). تێکستی (مەم وزین) یا مەمی ئالانی فۆلکلۆری لە کۆکراوەکانی مارتن هارتمان (دەسنوسی B٢٥١٤ ی نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی سۆڤیەت – لینینگراد، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغداد، ژمارە (١٦)، بەغداد.

٣٩.خەزنەدار. د.مارف.(١٩٧٤). فەرهەنگۆکێکی کوردی(دەسنوسی ژمارە D٤٤٨)ی نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی سۆڤیەت – لینینگراد، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغداد، ژمارە (١٧)، بەغداد.

٤٠.خەزنەدار. د.مارف.(٢٠١٤). تێکستا مەم و زینێ دەسنڤیسا هژمار نامەخانا شیرەتڤانی یا ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیا زانستی یا سۆڤێتی، کۆمکرن مارتن هارتمان، گۆڤارا دیرۆک، هژمار(٣)، دهۆک.

٤١.ڤاسیلیێڤا. ی.ئی.(٢٠١٦).پێشگوتنا مەلا مەحموودێ بایەزیدی یا کتێبا وی یا بەرزە، و. سەعید دێرەشی، گۆڤارا دیرۆک، هژمار(١١)، دهۆک.

٤٢.مستەفا.پ.ی.د. ئارام عەلی.(٢٠١٩). دەرکەوتنی زانستی کوردناسی لە ڕوسیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە(٥٩).

ب.بە زمانی فارسی :

٤٣.شریفی. شلیر ابراهیم.(١٣٩٧).فهرست توصیفی نسخههای خطی کردی در مجموعهای سنت پترزبورگ، کشکول، شماره(٩).

**ب.بەزمانی ڕووسی:**

45.Архив АН СССР, ф. 2, оп. 1, № 20, 1865, лл. 10-11

46.Калимуллина.Ф.Г.(2014). ИЗ ИСТОРИИ ИЗУЧЕНИЯ ИСТОЧНИКА О КУРДАХ ШАРАФ НАМЕ КОНЕЦ XVI, Институт Татарской энциклопедии АН РТ, Казань, Сборник статей участников Международной конференции «Тюрко-мусульманский мир: идентичность, наследие и перспективы изучения» (Казань, 27-28 мая .

47.КУРДОЕВ.К. К.(1972).Курдоведение, АЗИАТСКИЙ МУЗЕЙ ЛЕНИНГРАДСКОЕ ОТДЕЛЕНИЕ ИНСТИТУТА ВОСТОКОВЕДЕНИЯ АН СССР, МОСКВА.

48.Мусаэлян. Ж.С.(1995).Новая рукопись А.Д. Жабы как источник по изучению курдской культуры , Петербургское востоковедение. СПб. Вып. 7.

49.Мусаэлян. Ж.С.(2004).Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК ОанктПетербургский филиал Института востоковедения, письпенные п л п ятн и ш ВОСТОКА, Выпускается под руководством Отделения историко-«ф>илологич0ских наук, 1, весна.

50.Мусаэлян. Ж.С.(2012). Курдская рукопись середины XIX в. из Архива Востоковедов ИВР РАН, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт восточных рукописей, письпенные п л п ятн и ш ВОСТОКА, 2(17),осень – зима .

51.РУДЕНКО.М. Б.(1957). Коллекция А.Д.Жаба (курдские рукописи),Восточный сборник. Труды Государственной Публичной библиотеки им. М.Е.Салтыкова-щедрина, П (У).

52.Юсупова.З.А. (2008). О двух коллекциях курдских рукописей, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ ВОСТОКА, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт восточных рукописей,1(8).

**ت.بەزمانی ئینگلیزی:**

53.Alsancakli .Sacha.(2018).Historiography and language in 17th-century Ottoman Kurdistan: A study of two Turkish translations of the Sharafnāma, KurdishStudies, Volume: 6, No: 2.

54.Leezenberg. Michiel.(2020).Between Islamic Learning and Philological Nationalism: Mullah Mahmûdê Bayazîdî's Auto-ethnography of the Kurds, Die Welt des Islams, VOL 60.

55.ÖZMEN.Abdurrahim.(2018).Jaba,Bazidî,and the Ethnography of Kurds in the 18-19th Century, International Journal ofKurdish Studies, Vol.4/1.

56.Vasilyeva. E.I.(1999).THE FIRST PERSIAN, FRENCH AND RUSSIAN EDITONS OF THE SHARAFNAMA, RUSSIAN ACADEMY SCIENCES THE INSTITUTE OF ORIENTAL STUDIES,ST.PETERSBURG BRANCH, Manuscripta Orientalian, international Journal for oriental studies, Vol 5 No 1.

**ج.بەزمانی فەڕەنسی:**

44.Wo1кow. M.(1826).Notice sur l'ouvrage persan intitule Scheref Name accompagnee de quelques renseignements sur son auteur,— JA, t. 8.

**پێنجەم. ڕۆژنامە:**

٥٧.ڕۆژنامەی کوردستان. ١٣١٥ی کۆچی (١٨٩٨ز)، ژمارە ١٣.

**شەشەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی :**

58.Soltani.Anwar.(1998).The Sharafnama of Bitlisi: manuscript copies, translations and appendixes, International Conference on the Sharafnama in Berlin, 1-3 May,http://kurdistanica.com/the-sharafnama-of-bitlisi-manuscript-copies-translations-and-appendixes/